# مافی نەخۆش لە سیستمی تەندروستیی کوردستاندا
# نەخۆشخانەکانی فێرکاریی سلێمانی وەک نموونە

توێژینەوەیەك پێشكەش كراوە بە خانەی زانستی مەدەنی لە رێكخراوی (NPA)
وەك مەرجێكی بەدەستهێنانی بڕوانامە لە بواری ئاشتیدا

**ئەنجامدانی**

**حەسەن حسێن**

**بەسەرپەرشتی**

**د. ئەفرام محەمەد حەسەن**

## ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە:

- دایکم
- هاوسەرەکەم گەشاو کەهەمیشە لەپاڵمەوە راوەستاوەو هاوکارو هاندەرمە
- هەردوو جگەرگۆشەکەم یارەو یاد
- ئەو کەسانەی لە بواری تەندروستیدا کاردەکەنو لەنەخۆش تێدەگەنو وەك مرۆڤ مامەڵەی لەتەکدا دەکەن

## سوپاس‌و پێزانین

لەكۆتایی توێژینەوەكەدا دەخوازم سوپاسی هەریەكە لەم بەڕێزانە بكەم كە هاوكارییان كردم لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا:

بەڕێز( د. ئەفرام محەمەد حەسەن)  كە سەرپەرشتی توێژینەوەكەی كرد

بەڕێز ( د. میران محەمەد عەباس) بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی

بەڕێزان ( د. پەیمان قادر، د. فەتاح رەحیم فەتاح، د.محەمەد جلال) كە فۆرمی راپرسییەكەیان هەڵسەنگاندو سەرنج‌و تێبینییان دامێ لەوبارەیەوە

بەڕێز (سەروەر صدیق) بەڕێوەبەری كارگێڕی نەخۆشانەی فێركاری سلێمانی‌و خەفەر ئیدارییەكانی ئەو نەخۆشخانەیە

بەڕێز( نەریمان سەلام ) بەڕێوەبەری كارگێڕی نەخۆشخانەی گشتی‌و خەفەر ئیدارییەكانی ئەو نەخۆشخانەیە

بەڕێز(مەهدی حەمە صالح) بەڕێوەبەری كارگێڕی نەخۆشخانەی منالبوون‌و (ژیان حەمەرحیم)خەفەر ئیداری لەو نەخۆشخانەیە

بەڕێز (ناسك قادر) و كارمەندانی بەشی بەڕێوەبردنی جۆرێتی (Quality Management) لە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی بە پێدانی سەرچاوە

هاوڕێیانم ( زانا رەئوف، ئیبراهیم جاف‌و كارزان رەفیق) كە بە پەیداكردنی سەرچاوەو دانی تێبینی‌و سەرنج هاوكارییەكی زۆریان كردم

كارمەندانی كتێبخانەی گشتی سلێمانی كە بەسەرچاوەكانیان هاوكارییان كردم

سەنتەری ئەندێشە كە سوودم لەسەرچاوەكانیان وەرگرت.

## پوختەی توێژینەوەکە

توێژینەوەی مافی نەخۆش لەسیستمی تەندروستی کوردستاندا هەوڵێکە بۆ زانینی دۆخی مافی نەخۆش لەناو نەخۆشخانەو دەزگا تەندروستییەکاندا.

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە پێنج بەش. بەشی یەکەم پێناسەی توێژینەوەکە کە تیایدا گرفتەکانی توێژینەوەکە، ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە، ئامانجی توێژینەوەکە، گرنگی توێژینەوەکە، سنوری توێژینەوەکەی گرتووەتە خۆ.

بەشی دووەم‌و سێیەم ناساندنی ئەو چەمکانەیە کە لەناونیشانی توێژینەوەکەدا هاتوون.

لەبەشی دووەمدا چەمکەکانی سیستم،تەندروستی‌و سیستمی تەندروستیمان ناساندووە لەگەڵ جۆرەکانی سیستمە تەندروستییەکان‌و سیستمی تەندروستی عێراق‌و کوردستان.

لەبەشی سێیەمدا مافەکانی نەخۆش باسکراوە کە تیایدا چەمکەکانی ماف و نەخۆش ناسێنراون‌و پاشان مافی نەخۆش لەنێو یاساو راگەیاندراوە نێودەوڵەتییەکان‌و مافی نەخۆش لە دەستورو یاساکانی عێراقیداو دواتریش لیستێکی ماف‌و بەرپرسیارێتییەکانی نەخۆش وەك ئەوەی لە رێکخراوی تەندروستی جیهانیدا هاتووەو وەك ئەوەش کە لەناو نەخۆشخانەکانی هەرێمدا دەستنیشان کراون.

لەبەشی چوارەمیشدا گفت‌وگۆی توێژینەوەکەکراوە لەسۆنگەی شیکاریکردنی زانیاریی نێو فۆرمەکانەوەو ئەو دەرەنجامانەی کە پێیگەیشتووین.

لە بەشی پێنجەمیشدا راسپاردەو پێشنیارەکان هاتووە.

توێژەر لە توێژینەوەکەدا پەیڕەوی لە میتۆدی شیکاریی بەراوردکاریی ( منهج التحليلي المقارن) کردووە کە لەبەراوردکارییەکەدا شێوازی ستوونی(عمودی) بەکارهێناوە.

بۆ دروستکردنی فۆرمی توێژینەوەکە توێژەر فۆرمێکی راپرسی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دامەزراند، واتە فۆرمی استبیانی بەکارهێنا، کەکرابوو بەدوو بەشەوە یەکەم زانیاری گشتی‌و دووەم زانیاری تایبەتی. فۆرمەکە لە سێ لاپەرەو بیست پرسیار پێکهاتووە، دوای ئەوەی سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە بەڕێز (د. ئەفرام) بینی هەروەها خرایە بەردەم لیژنەیەکی سێ کەسییەوە کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان( د. پەیمان قادر) دکتۆرا لە کۆمەڵناسیدا، (د. محەمەد جەلال) پسپۆڕ لە یاسای تایبەت‌و (د. فەتاح رەحیم فتاح) پزیشکی پسپۆری تەندروستی و کۆمەڵ.

هەڵبژاردنی ئەو لیژنەیە بەو پسپۆڕییانەوە بۆ ئەوە بوو چ لەباری کۆمەڵناسییەوەو چ لەباری یاسایی‌و چ لەباری پزیشکییەوە فۆرمەکە هەڵبسەنگێندرێت، ئەوجا دابەش بکرێت بەسەر نەخۆشدا.

بەوپێیەی فۆرمەکە نەخۆش دەدوێنێت‌و نەخۆشەکانیش لەرووی خوێندەواری‌و پاشخانی کەلتووری‌و رۆشنبیرییەوە جیاوازن، بۆیە لە فۆرمەکەدا رەچاوی ئەوە کراوە کە زمانێکی ساکارو دوور لە ئاڵۆزی بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی لای نەخۆشی نەخوێندەواریش شیاوی تێگەیشتن بێت.

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی وشیاری هاوڵاتیانە بەمافی نەخۆش‌و دۆخی ئەو مافانەیە لەنەخۆشخانەکاندا.

بۆ ئەم مەبەستە هەستاین بە دابەشکردنی (300) فۆرم بەسەر سێ نەخۆشخانەی سەرەکی لە شاری سلێمانیدا.

یەکێك لەو ئەنجامانەش پێیگەیشتین ئەوەبوو کە زیاتر(45٪) ی نەخۆشەکان زانیاریان لەبارەی مافی نەخۆشەوە نەبوو. ئەمە لەکاتێکدایە کە لیستی مافەکانی نەخۆش بە فلێکس بەناو نەخۆشخانەکانیشدا هەڵواسراوە. ئەنجامێکی دیکەیش کە پەیوەندی بە پاراستنی نهێنی نەخۆشەوە هەیەو توێژینەوەکە پێی گوتین ئەوە بوو (46٪) نەخۆشەکان گوتویانە لەکاتی پشکنیندا لەلایەن پزیشکەوە کەسانی دیکەی لێبووە. لەهەمان کاتدا (73٪) ی نەخۆشەکان گوتویانە ئازاد بوون لەوەی لەگەڵ پزیشکەکەیاندا گفت‌وگۆ لەبارەی نەخۆشییەکەیانەوە بکەن ئەمەش ئەنجامێکی باشە.

لە راسپاردەو پێشنیارەکانیشدا، پێشنیارمان کردووە کە گۆڕانکاری لە سیستمی تەندروستیدا بکرێت بەجۆرێك نەخۆش پێگەیەکی سەنتەری هەبێت لەنێو ئەو سیستمەدا. هەروەها پێشنیارمان کردووە کە شێوازی جۆراو جۆر بەکاربهێنرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری هاوڵاتی‌و ئەوانەی لە بواری تەندروستیدا کاردەکەن‌و لەهەمان کاتیشدا توێژینەوەی زیاتر لە بواری مافەکانی نەخۆشدا ئەنجام بدرێت.

# ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| أ | پێشکەش کردن |
| ب | سوپاسو پێزانین |
| ج | پوختەی توێژینەوەکە |
| هـ | ناوەڕۆک |
| 1 | پێشەکی |
| **6 –3** | **بەشی یەکەم پێناسەی توێژینەوەکە** |
| 4 | گرفتی توێژینەوە |
| 5 | ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە |
| 5 | ئامانجی توێژینەوەکە |
| 6 | گرنگی توێژینەوەکە |
| 6 | سنووری توێژینەوەکە |
| **21 –7** | **بەشی دووەم سیستمی تەندروستی** |
| 8 | سیستم چییە؟ |
| 11 | تەندروستی چییە؟ |
| 13 | سیستەمی تەندروستی چییە؟ |
| 15 | جۆرەکانی سیستمە تەندروستییەکان |
| **34 –22** | **بەشی سێیەم مافی نەخۆش** |
| 23 | بابەتی یەکەم ماف چییە؟ |
| 25 | بابەتی دووەم نەخۆش کێیە؟ |

| | |
|---|---|
| 27 | بابەتی سێیەم مافی نەخۆش لە نێو جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤدا |
| 29 | بابەتی چوارەم مافی نەخۆش لە دستوورو یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا |
| 31 | بابەتی پێنجەم لیستی ماف و ئەرکەکانی نەخۆش |
| **45 – 35** | **بەشی چوارەم ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو دەرەنجامەکانی** |
| 36 | ئەنجامەکان |
| 44 | دەرەنجامەکان |
| **48 – 46** | **بەشی پێنجەم راسپاردەو پێشنیازەکان** |
| 47 | راسپاردە |
| 48 | پێشنیازەکان |
| 52 ـ 49 | سەرچاوەکان |
| 59 ـ 53 | پاشکۆکان |
| 53 | فۆرمی کۆکردنەوەی زانیاری تایبەت بە مافەکانی نەخۆش لە سیستمی تەندروستی کوردستاندا |
| 56 | نووسراوی ئاسانکاریی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانییەوە |
| 59ـ 57 | نموونەیەك لە فایلی نەخۆش لە نەخۆشخانەی منالبوونی سلێمانی کە لیستی مافەکانی نەخۆشی پێوە هاوپێچکراوە |

# پێشەکی

ئەو کرانەوە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە کۆمەڵگەی کوردی بە خۆیەوە بینوویەتی بەکارهێنانێکی فراوانی چەمك و دەستەواژەی جۆراوجۆری لێکەوتۆتەوە، کە هەندێکیان پەیوەندییان بە ژیانی مادیی و تەکنەلۆژییەوە هەیە، وەك ئەو چەمك و دەستەواژانەی کە بە هۆی بەکارهێنانی مۆبایل، ئنتەرنێت، سەتەلایت، مەڵتیمیدیاو...هتد هاتوونەتە ئاراوە.

هەندێك چەمکی دیکە پەیوەستە بەو بارودۆخە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە کە کۆمەڵگەی کوردیی پیادا تێپەڕدەبێت و زیاتر لایەنەکانی ژیانی فیکریی و مەعنەوی و... هتد دەگرێتەوە، وەك هاوڵاتیبوون، کۆمەڵی مەدەنی، سیکولایزم، بەشداری سیاسی، مافەکان بەگشتی و... هتد" ئەمەشیان زادەی ژیانی دوای راپەڕین، هاتنە ناوەوەی رێکخراوە جیهانییەکان، سەرهەڵدانی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و کۆچکردنی هاوڵاتییانە بۆ دەرەوە، کە هاوکاتە لەگەڵ بە جیهانیبوونی کەلتووردا. ئەگەرچی زۆرێك لە کۆمەڵگەکانی دیکە پێش کۆمەڵگەی ئێمە بەو چەمکانە ئاشنا بوون بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردیدا پێش راپەڕین زیاتردەستەبژێری رۆشنبیرانو هەندێك لە خوێندەواران بەو چەمکانە ئاشنا بوونو پاشان دابەزی بۆ نێو زمانی خەڵك، بەڵام هێشتاش هەندێك لەو چەمك و مەفاهیمانە کەلتووری باوی کۆمەڵگە پێی رانەهاتووە بە تایبەتیش چەمکی (مافی نەخۆش).

پرسی مافی نەخۆش هاوکات لەگەڵ ئەوەی پرسێکی یاساییو مافخوازییە، لە هەمان کاتیشدا دۆخێکی مرۆییە بە مانای وشەکە. دۆخێك کە، دەشێت هەموو مرۆڤێك، بەوانەشەوە لەبواری تەندروستیدا کاردەکەن، تووشی بێنو دووچاری پەك کەوتن یاخود لاوازییەکی تەندروستی ببنەوەو سەرەڕای چارەسەرکردن هەروەها پێویستیشیان بەرێزگرتنو گوێ لێگرتن بێت.

لێرەوە دەکرێت بڵێین پرسی مافی نەخۆش پرسێکی فرە رەهەندە، لەلایەکەوە پرسێکی ئەخلاقییە بەوەی قسە لەسەر پاراستنی بەهاو پێوەرە مرۆییەکانی رەفتارکردن لە تەك ئەو کەسانەدا دەکات کە بە دەست نەخۆشی یا تێکچوونێکی تەندروستییەوە دەناڵێنن، لەلایەکیشەوە پرسێکی کۆمەڵناسییە چونکە رووبەرێکی فراوانی کۆمەڵگە دەگرێتەوەو کاریگەریی هەیە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو چالاکیوبەشداری تاکەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا. جگەلەوەی چەندین گروپی کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە وەك ئەوانەی نەخۆشی شێرپەنجە، نەخۆشییە درێژخایەنەکان، نەخۆشییە دەرونیو ئاوەزییەکان، نەخۆشی سالاسیمایان هەیە، هەروەها کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتو... هتد.

لە لایەکی دیکەشەوە مافی نەخۆش پرسێکی سیاسییەو پەیوەندی هەیە بە سیاسەتی تەندروستی وڵاتو پشکی تاك لەو مافو ئیمتیازاتانەی کە دەوڵەت فەراهەمی دەکات.

بەڵام بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو سەرەکی ئەم پرسە پەیوەستە بە سیستمی تەندروستییەوە.چونکە کۆی ڕوانگەی سیاسیو کۆمەڵایەتیی بۆ نەخۆشو مافە تەندروستییەکانی تاك لە سیستمی تەندروستیدا ڕەنگ دەداتەوە. خاڵی یەکەمی(مافەکانی نەخۆش) کە لە نەخۆشخانەکانی سلێمانیدا هەڵواسراوەو دەڵێت: ( چاودێری تەندروستیو وەرگرتنی چارەسەری پێویست مافی تۆیەوەك هاوڵاتی.. دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی ئەرکی ئێمەیە) دەچێتە ناو چوارچێوەی مافی تاك لە چاودێری تەندروستی کە دابینکردنی ئەم مافەو پێناسەکردنو پۆلێنکردنی لەڕێگەی سیستمی تەندروستییەوە دەبێت. هەروەها دابینکردنی شوێنی شیاو بۆ پشکنینی نەخۆش لەمڕۆدا مومارەسەی نوێی پزیشکی پشت بە سیستمێکی تەندروستی دەبەستێت کەلەگەڵ سێ فاکتەردا مامەڵەدەکات:

1. فاکتەرە بایۆلۆژییەکان
2. فاکتەرە دەروونییەکان
3. فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان یا ئەوەی پێی دەوترێت( bio psycho social model)

ئەمە بە شێوەیەکی خۆبەخۆ وادەکات لە دامەزراوە تەندروستییەکاندا بایەخ بە فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان بدرێتو هەوڵی ناسینەوەو پەیوەندییان بە هەلومەرجی تەندروستی تاكو گروپەوە بدرێت، هەروەها چۆنێتی مامەڵەکردن لە تەك ئەم فاکتەرانەو یاریدەدانی نەحۆش بۆ ئاشنابوون لە ڕەفتاری دروستیی تەندروستی[1] .

مافی نەخۆش جگەلەوەی پێ لەسەر پاراستنی کۆمەڵێك ماف بۆ نەخۆش دادەگرێت کە ڕاگەیاندنو ڕێکەوتننامە نێو دەوڵەتییەکان بڕیاریان لەسەر داوە لەوانەش پاراستنی نهێنییەکانی نەخۆش، ڕێزگرتن لە کەرامەتو کەسایەتی نەخۆشو بەرچاو ڕوونکردنەوەی نەخۆش لە پرۆسەی وەرگرتنی چارەسەرکردنەدا، هەروەها کۆمەڵێك پابەندێتیشی دەخاتە سەر شان بەرامبەر بەو کەسانەی کە خزمەتگوزاری تەندروستیی پێشکەش دەکەن.

---

1. دلیل السياسات والإجراءات بالخدمة الإجتماعية الطبيةi3.makcdn.com/userFiles/a/b/abdullah-alhajjaji/.../1217268956.doc

# بەشی یەکەم

# پێناسەی توێژینەوەکە

**گرفتی توێژینەوەکە**

**ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە**

**ئامانجی توێژینەوەکە**

**گرنگی توێژینەوەکە**

**سنووری توێژینەوەکە**

## پێناسەی توێژینەوەکە

### یەکەم: گرفتی توێژینەوە

1. نەبوونی وشیاری تاك سەبارەت بە ماف و ئەرکەکانی نەخۆش، هۆکارێکە بۆ ئەگەری پێشێلکردنی مافەکانی لەکاتی نەخۆش کەوتنیدا، یاخود بەهۆی نەزانینی ئەرکەکانییەوە ببێتە هۆی پێشێلکردنی مافی پزیشكو کارمەندو ئەوانەی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستیدا بەشدارن.
2. لەچەند ساڵی رابردوودا لە کوردستان زۆرجارحاڵەتی مردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەکاندا روویانداوەو روودەدەن، لەهەندێکیش لەو حاڵەتانەدا کەس وکاری نەخۆشەکان پزیشك یا کارمەندی پزیشکییان تۆمەتبار کردووە، بەبێ ئەوەی دواتر بەبەڵگە روون ببێتەوە کە کەمتەرخەمییەکە لەکوێدایەو ماف بۆ خاوەن مافەکان بگەڕێتەوە.
3. بەهۆی نەبوونی وشیاری هاوڵاتیو ستافی تەندروستییەوە سەبارەت بە ماف وئەرکەکانی نەخۆش، زۆر جار کەس و کاری نەخۆشەکە لەگەڵ پزیشك یا کارمەند یا پۆلیس،پرسگەو ئیدارییەکاندا دووچاری کێشەو گرفت دەبنەوە.
4. لە سیستمی تەندروستیدا پەیوەندی نەخۆش - پزیشك پەیوەندییەکی هەڵگەڕاوەیە، پێگەی پزیشك سەنتەرییەو نەخۆش لەخولگەو پەراوێزی پزیشكو کارمەندی تەندروستیدایە.
5. مامەڵەی نەخۆش چ لەرووی کرداری و چ لەرووی دەروونییەوە لەگەڵ ستافی تەندروستیدا (پزیشك و کارمەند) مامەڵەیەکی هاوسەنگ نییەو نەخۆش خۆی لەپلەیەکی کەمتردا دەبینێتەوە یا هەندێك لە ستافی تەندروستی بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

**دووەم: ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە**

1.ئاستەنگیی کات:
راپرسی مافەکانی نەخۆش لەگەڵ ئەو نەخۆشانەدا ئەنجامدرا کە بۆ چارەسەرکردن لە نەخۆشخانە داخڵ ببوونو خەوێنرابوون (inpatients). ئاشکرایە ئەو نەخۆشانەش نزیکەی (3–5) رۆژ لە نەخۆشخانە دەمێننەوە، ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی توێژەر ماوەی یەك هەفتە یا زیاتر چاوەڕێ بکات تا فۆرم بەسەر نەخۆشی دیکەدا دابەش بکات. لەهەمان کاتدا بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆلێراو دروست بوونی قورسایی لەسەر نەخۆشخانەکان بۆ ماوەیەك کاری راپرسی پەکی کەوت، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ دواکەوتنی تەواو بوونی توێژینەوەکە. جگەلەوە بەهۆی دەوامی فەرمی توێژەریشەوە، راپرسییەکان کاتی دوانیوەڕۆ یا رۆژانی هەینی ئەنجام دەدران. ئەمانە هەموویان هۆکار بوون بۆدروست بوونی ئاستەنگی کات.
2.ئاستەنگی شوێن:
بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی دارایی و مرۆییەوە رووبەری راپرسییەکە تەنها سێ نەخۆشخانەی ناو شاری سلێمانی گرتەوەو نەتوانرا بۆ مەڵبەندە تەندروستییەکان و نەخۆشخانەکانی دیکەی ناوشار و دەرەوەی شار فراوان بکرێتەوە.
3.ئاستەنگی پەیوەندیکردن بە نەخۆشەکانەوە:
لەبەر ئەوەی بابەتی کارەکەی توێژەر نەخۆش بوو و زۆربەی نەخۆشەکانیش لە دۆخێکی تەندروستی و جەستەیی نالەباردانو ناتوانن وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە. لەبەر ئەوە زۆربەی جارەکان توێژەر پەنای دەبردە بەر هاوەڵی نەخۆش(مرافق) تا پرسیارەکان لە نەخۆشەکە بکات و فۆرمەکە پڕ بکاتەوە.
پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەین، ئاستەنگێکی جیدی کە هاتە بەردەمی توێژەر کەمیو دەستنەکەوتنی سەرچاوەی کتێب بوو بە زمانەکانی عەرەبی یا کوردی لە کتێب فرۆشییەکانو کتێبخانەی گشتی، بەتایبەت سەرچاوەی تایبەتمەند لە بواری ماف نەخۆشو سیستمی تەندروستیدا، بۆیە توێژەر بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بەست بەکتێبە ئەلکترۆنییەکانو ماڵپەڕە فەرمییەکانی وەك رێکخراوی تەندروستی جیهانیو هەندێك ماڵپەڕی جێ متمانەی وەك ویکیپیدیا.

## سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:

بۆ زانینی وشیاری‌و ئاشنایی هاوڵاتیان سەبارەت بە مافەکانی نەخۆش

بۆ زانینی رادەی پابەندبوونی نەخۆشخانەکان بە جێبەجێکردنی مافەکانی نەخۆش

بۆ زانینی رادەی پاراستنی یا پێشێلکردنی مافەکانی نەخۆش لەلایەن پزیشك و کارمەندو ئەو کەسانەی لە نێو نەخۆشخانەکاندا کاردەکەن.

## چوارەم: گرنگی توێژینەوەکە

پاراستنی ماڤی نەخۆش بەشێکە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی، ئەگەر مرۆڤی لەشساغ خاوەنی ئەو مافانە بێت کە جاڕی گەردوونی ماڤی مرۆڤ رایگەیاندووە، ئەوا کاتێك نەخۆش دەکەوێت کۆمەڵێك ماڤی دیکەی دێنە پاڵ کە تایبەتن بە مافەکانی نەخۆش. ئەمەش پابەندێتی دەوڵەتو دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بەپاراستنی ئەو مافانەوە زیاتر دەکات. ئاشنا بوونی تاکیش بە مافەکانی ئەڵقەیەکی گرنگە لە بەرزبوونەوەی ئاستی وشیارییەکەی، چونکە ماف بەرامبەرەکەی ئەرکە، کاتێکیش نەخۆش مافەکانی خۆی بزانێت واتە ئەرکەکانیشی زانیوە، ئەمەش ئەگەر بەدیوێکدا هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی مافەکانی پێشێل نەکرێت، ئەوا بەدیوەکەی دیکەدا هۆکارێك دەبێت بۆ ئەوەی بە پابەندبوونی بە ئەرکەکانییەوە ماڤی کەسانی دیکە، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن، پێشێل نەکات.

خاڵی جەوهەریش لێرەدا ئەوەیە کە مرۆڤ کاتێك دەبینێت مافەکانی پارێزراون هەست بە بوونی ئاشتی و ئاسایشی کەسی(السلام والامان الشخصی) دەکات "مافەکانی مرۆڤ پەیوەندییەکی توندو تۆڵیان هەیە بەکێشەکانی ناکۆکی، ئاشتی و ئاسایش"(1)

لێرەوە تا مافەکانی مرۆڤ لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا پارێزراوبن ئەوەندەش ئەگەرەکانی دەستەبەربوونی ئاشتی کۆمەڵایەتی زیاتر دەبن.

## پێنجەم: سنووری توێژینەوەکە

سنووری توێژینەوەکە بەو نەخۆشخانانە دیاریمان کردووە کە راپرسییەکەی تیا ئەنجام دراوە ئەوانیش نەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانی، نەخۆشخانەی هەناویی فێرکاری سلێمانی، نەخۆشخانەی فێرکاری منداڵبوونی سلێمانی، نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەشی دەروونی لە نەخۆشخانەی هەناویی فێرکاری سلێمانی).

---

١. http://www.international-alert.org

# بەشی دووەم

# سیستمی تەندروستی

**سیستم چییە؟**

**تەندروستی چییە؟**

**سیستەمی تەندروستی چییە؟**

**جۆرەکانی سیستمە تەندروستییەکان**

## سیستمی تەندروستی

## بابەتی یەکەم سیستم چییە؟

بەهۆی ئەو بەکارهێنانە فراوانەی وشەی سیستم لە نێو کایەی سیاسەتدا، مرۆ کاتێ گوێ بیستی زاراوەی سیستم دەبێت زیاتر بیرو ئەندێشەی بۆ سیاسەت دەچێت، بەڵام لەراستیدا بەکارهێنانی وشەی سیستم زۆر لەوە زیاترە کە تەنها پیوەست بە سیاسەتەوە.

لەڕووی زاراوەوە سیستم لە وشەی sustema وەرگیراوە کە واتای " کۆمەڵ" دەگەیەنێت[1] یەکێکە لە ماناکانی وشەی(نظام)ی عەرەبی بەواتای "ڕژێم، یاسا، یاسای رامیاری، یا نسق / رێ وشوێن، پێڕەو"[2] لە زمانی فارسیشدا هەر وشەی "نظام" بۆ سیستم بەکار دەهێنرێت[3]. هەرچی"فەرهەنگی زاراوە"یە وشەی سیستم "نظام"ی بە نەریت، پێڕەو ماناکردووە[4] .

بەڵام لە رووی ماناوە بە هۆی ئەو پێناسە جۆراو جۆرانەوە کە بۆ ئەم زاراوەیە کراون، مانایەکی جێگیرو کۆنکرێتیمان دەست ناکەوێت. چونکە ئەم زاراوەیە "لەرێڕەوی پێشکەوتنیدا چەندین چەمك و مانای گرتووەتەوە بەجۆرێك کە بەهۆی زۆری بەکارهێنانییەوە نزیك بووە لەوەی هێزی سیمبۆلیکی خۆی لەدەست بدات، بۆنمونە سیستمی سیاسیمان هەیە، سیستمی ئابووری، سیستمی زمان و سیستمی زانیاری و... هتد) [5]

زاراوەی سیستم "لەوشەی(sustema) وەرگیراوە کە بەمانای" کۆمەڵ"ە ئەم زاراوە لە بەشە جیاوازە فەلسەفی، کۆمەڵایەتی وسیاسییەکان، ئەم واتایانە لە خۆ دەگرێت:

الف- لەروانگەی فەلسەفی، وشەی سیستەم بە کۆی ئەو بنەمایانە دەگوترێ کە رێبازێکی فەلسەفی یا زانستی یان زانایەك براوی پێیانە. بۆ وینە دەڵێن سیستەمی دیکارت یا سیستەمی دەڤیی.

---

1. زاهیر محمەدی، یاسین حاجی زادە، فەرهەنگی سیاسی ئارەش، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر، ٢٠٠٦، لاپەڕە ٤٠٦

2.فازل نیزامەدین، فەرهەنگی شیرین عەرەبی – کوردی، چاپخانەی شڤان، چاپی چوارەم،سلێمانی ٢٠٠٧، ل ٧٣٩

3. فەرشید شەریفی، فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفەو زانستە کۆمەڵایەتییەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٧،لاپەڕە٣٣٠

4. بەدران ئەحمەد حبیب، فەرهەنگی زاراوە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٢، لاپەڕە ١٢٥

5. منتدى د.أحمد فرج لعلوم ودراسات المعلومات http://ahmadfarag.bbflash.net/t48-topic

ب- له هێندێك له زمانه بيانييەكاندا، وشەی سيستەم بەواتای تێكەڵاوكردنی بەشه ڕێكخەرەكان بۆ گەيشتن بەدەرنجام يا شێوازێكی جێگیرو دیایکراوەو له زانستی پزيشكی، ئەستێره ناسی و كێش ناسیدا كەڵكيان لەم چەمكه وەرگرتووه.

ج- له زانستی سياسەتدا، سيستەم بەمانای شێوەی حكومەت كردنه ، بۆ وێنه دەڵێن سيستەمی فيوداڵيزم، سيستەمی سەرمايەداری يا سيستەمی يان پەرلەمانی[1] .

لەروانگەی (وليام لاپێر)يشەوه سيستەم" كۆمەڵه توخمێكه بۆ هەر شتێك، توخمێك كه رەنگه لەشێوەيەك يا لەدۆخێكی جيادا ببێت"[2] هەرچی (رۆبەرت داڵ)ه پێيوايه كه سيستم:"هەر كۆمەڵه توخمێك كه بتوانن بەجۆرێكی بەيەكداچوو(متداخل)لەگەڵ يەكدی كاربكەن،دەكرێت وەك سيستمێك تێی بروانرێت"[3]

بەڵام (ئەندرو هيوود) پێيوايه سيستم:" بريتييه له "سيستمی فەرمانڕەوايی" كه سەربارى هاتن و رۆيشتنی حكومەتەكان لەجێی خۆی دەمێنێتەوه"[4] .

(عبدالرحمن عالم) تايبەتمەندييەكانی سيستمی لەم چەند خاڵەدا كورت كردووەتەوه:"

١. سيستم له چەند بەشێكی جياواز پێك دێت كه پێكەوه ئەو، واته سيستمەكە، بەدی دەهێنن، سيستم چەمكێكی يەكتاگەرنييه .

٢. سيستم، بەتەنها كۆكردنەوەی بەشەكان نييه، بەڵكو ئەم بەشانه پێويسته به شێوازێكی رێكو پێك رێكخرابن. پێويسته لەنێوان ئەو بەشانەدا پەيوەندييەكی رێكخراو هەبێت.

٣. رێكوپێكیو رێكخستنی ئەم بەشانه پێويسته نمونەيەك بهيننه ئاراوه. بەشەكانی كاتژمێرێك پێويسته بەجۆرێك رێكبخرێت كه بەديهێنەری نمونەيەك بێت كەبه كاتژمێر ناوی دەبەين.

٤. پەيوەندييەكی بنەڕەتی لەنێوان بەشەكانی سيستمدا هەيه. هەر بەشێك ئەركێكی تايبەتی بۆ راپەڕاندن هەيه. سيستم لەگەڵ هەر بەشێك و هەر بەشێك لەگەڵ سيستمدا پەيوەندييان هەيه.

---

1.زاهیر محمەدی، ياسين حاجی زاده، فەرهەنگی سياسی ئارەش، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر، ٢٠٠٦، لاپەڕە ٤٠٦

2.د. حسان محمد شفيق العاني، الانظمة السياسية و الدستورية المقارنة، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٩ لا١٠

3.عبدالرحمن عالم، بنيادهای علم سياست،تهران نشرنی، چاپ دهم، ١٣٨٢، ل١٤٩

4. ئەندرۆ هيوود،سياست، ترجمه عبدالرحمن عالم، نشرنی چاپ دوم، تهران، ١٣٩١، ص ٣٩

٥. هەموو بەشەکان لە گشتێکدا یەك یەکە پێك دەهێنن، ئەگەرچی هەر بەشێك ئەرکێکی جیاوازی هەیە، بەڵام لەرووی کاریگەرییەوە بەجۆرێك لەگەڵ بەشەکانی دیکەدا پەیوەندی هەیە کە یەکەیەکی نوێ دروست دەکەن. کەموکوڕی لە هەر بەشێکدا دەشێت کاریگەریی لەسەر سیستمەکەدابنێت."[1]

لەو پێناسانەی سەرەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین کە سیستم بریتییە لە کۆبوونەوەی خۆڕسکی یا کۆکردنەوەی دەستکردی چەند یەکەیەك یا چەند بەشێك بۆ پێکهێنانی یەکەیەکی فراوانترو گەورەتر. ئەم یەکانە وێڕای سەربەخۆیی و پێگەی تایبەتیان بەڵام رێسای کارکردنی یەکە گشتییەکە پابەندیان دەکات بەپەیوەندییەکی ناوەکی و هەم ئاهەنگیکردن لەگەڵ یەکدا بەو مانەی کە ئەو یەکەیەی کە دووچاری تێکچوون ببێت دەبێت رەنگ بداتەوە لە سیستمەکەدا.

سیستم دوو جۆرەو هەر جۆرێکیشیان دەبن بە چەند جۆرێکی دیکەوە. "یەکەم سیستمی سروشتی. دووەم سیستمی دەستکرد یا مرۆکرد. سیستمی سروشتی دروستکراوی سروشتەو سەربەخۆیە لە ویستی مرۆڤ. سیستمی سروشتیش خۆی دوو جۆرە: ١/ نامیکانیکی ٢/ میکانیکی. سیستمی نامیکانیکی پەیوەستە بەبێگیانەکانەوە، وەك سیستمی خۆر. سیستمی سروشتی میکانیکی پەیوەستە بە زیندەوەرانەوە وەك مرۆڤ یا گژوگیا.

سیستمی مرۆکرد، مرۆڤەکان دروستیان کردووەو دەشێت بەچوار جۆر دەربکەوێت:١/ سیستمی میکانیکی، سیستمی کەسیی.٣/ سیستمی هونەری ،٤/ سیستمی کۆمەڵایەتی.سیستمی سیاسیی، وردە سیستمی کۆمەڵایەتی" [2]

---

1. عبدالرحمن عالم، بنيادهای علم سياست،تهران نشرنی، چاپ دهم، ١٣٨٢، ص ١٤٩، ١٥٠

2. هسپ، لا ١٥٠

## بابەتی دووەم

## تەندروستی چییە؟

تەندروستی وەك زاراوە وشەیەكی لێكدراوەو لە دوو وشەی تەن + دروستی پێكهاتووە" تەن واتە لەش، بەدەن، قالب"[1] هاوواتا(مرادف) عەرەبییەكەشی (بدن، جسم، جسد) [2](*) . زاراوەی دروست یا دروس:1/ راست، رەوا 2/ ساز، بێ كەمایەسی. دروستی: راستی [3] كەواتە تەندروست یا تەندروس واتە ساغ، ساق، سلامەت[4] لەرووی ماناوە تەندروست واتە حالەتێك لە نەبوونی نەخۆشی یا دەرهاویشتە یا ماكەكانی نەخۆشی.

رێكخراوی تەندروستی جیهانی پێناسەی تەندروستی بەم جۆرە كردووە:" بریتییە لە دۆخێك كە تاك لەرووی جەستەیی، ئاوەزی، دەرونی و كۆمەلایەتییەوە تەواو یا دروست بێت و هەر بەتەنها پەتی بوونی لەش نییە لە نەخۆشی یا ناتەواوی" [5] . یا تەندروستی بریتییە لەوەی بوونەوەر لە دۆخێكی هاوسەنگ لەگەڵ ژینگەكەیدا دەژیێت [6] .

---

1. هەژار، هەنبانە بۆرینە ، فەرهەنگی كوردی فارسی، ۷۹۳، انتشارات صداوسیمای جمهوری اسلامی ایران ل١٦٨
2. فازل نیزامەدین، فەرهەنگی ئەستێرە گەشە كوردی عەرەبی،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ۲۰۰۳، چاپی سێیەم ل١٤٥
3. هەنبانە بۆرینە ، فەرهەنگی كوردی فارسی، هەژار، ۷۹۳، انتشارات صداوسیمای جمهوری اسلامی ایران ل٢٩١
4. هەنبانە بۆرینە ، فەرهەنگی كوردی فارسی، هەژار، ۷۹۳، انتشارات صداوسیمای جمهوری اسلامی ایران ل١٦٩
5. سایتی رێكخراوی تەندروستی جیهانی **http://www.who.int/features/qa/28/ar/index.html**
6. د. حافظ ابراهیم محمود، علم الامراض العام، الموصل ۱۹۸۱، ص ١٢

*هەرچەندە ئەو دوو فەرهەنگە ئەم زاراوەیەیان لە كۆلۆمی زاراوەی كوردیدا داناوە بەلام لە كوردیدا چ لە ئەدەبیاتی نوسین و چ لە ئەدەبیاتی ئاخافتندا ئەم وشەیە بەكار نایەت، بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەم وشەیە لەبنەڕەتدا فارسی بێت و بەم پێیەش وشە لێكدراوەكەی تەندروستی فارسی بێت. بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە كە لە فارسیدا وشەی تەن بە فراوانی بەكاردەهێنرێت{تن بە كاردادن: خۆ لەكاردان" قۆڵ(لێ) هەڵمالین، تەن دانە قەزا" باسك لێ هەڵمالین" (اگر تن بەكار بدهد، زود یاد میگیرد: ئەگەر خۆی لەكار بدا، زوو فێر دەبێت). تن خود راچرب كردن:«كنایی» خۆ تەیاركردن بۆ تووش زەحمەتێك هاتن" بەرهەڤ بوون بۆ دەردی سەری. تن دادن: مل دان" كۆڵ دان" كۆڵ پێدان" مل پێدان"مل پیا كردن«هرچە با او صحبت كردم تن نداد كە با من بیاید: هەرچەندە قسەم لەگەڵ كرد ملی نەدا بكەوێتە تەكم.

تن زدن« ادبی»: مل پێچی كردن"وەرنەگرتن" خۆ نەدان" وێ نەدەی. تن كردن:«گفتاری» كردنەبەر" پۆشین" پۆشان" لەبەركردن"لخۆ كردن" كەردەینە" لەبەركردنی شتێك«لباست را تنت كن:جلەكانت بكە بەرت»} {فرهنگ فارسی – كردی دانشگاه كردستان (سە جلدی)بە سرپرستی ماجد مردوخ روحانی جلد اول ێ–پ چاپ اول، زمستان ۱۳۸٥ مركز پخش سنندج، كتاب مهرگان، ل٦٩٨} بەم جۆرە چەندین نمونەی دیكە.

لێرەوە دەکرێت بڵێین تەندروستی بریتییە لە دۆخێك کە تێیدا تەواوی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ ئەرك و چالاکییەکیان بەشێوەیەکی رێك و پێك و هاوسەنگ ئەنجام بدەن و مرۆڤ لە رووی ئاوەز و دەروون و ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە لاسەنگی نەبێت.

لەروانگەی رێکخراوی تەندروستی جیهانییەوە تەندروستی چەند ئاستێکی هەیە کە ئەمانەن:

" تەندروستی نمونەیی:

پلەیەکی نمونەیی تەواوکارییە لەلایەنەکانی جەستەیی، دەروونی، ئاوەزی و کۆمەڵایەتی، گەیشتن بەم ئاستەش سەختەوئامانجێکی پرۆگرامە تەندروستییەکانە.

تەندروستی ئەرێنی:

لەم ئاستەدا کۆئەندامەکانی لەش بە توانستێکی بەرزەوە ئەرکەکانیان بەجێ دەهێنن تەنانەت ئەگەررووبەرووی کارتێکەریی دەرەکیش ببنەوە.

تەندروستی مام ناوەند:

لەم ئاستەدا کۆئەندامەکانی لەش بە توانستێکی بەرزەوە ئەرکەکانیان بەجێ دەهێنن بەڵام ئەگەر رووبەرووی کارتێکەریی دەرەکی ببنەوە ئەوا دەبنە نێچیری نەخۆشی.

نەخۆشی نەبینراو:

لەمەدا نەخۆش هیچ نیشانەیەکی دیاری نەخۆشی پێوە نییە، بەڵام ئەگەر پشکنینی پزیشکی بۆ بکرێت، ئەوا دەردەکەوێت کە نەخۆشییەکی هەیە، ئەمەش مەترسیدارترین ئاستە.

نەخۆشی بینراو:

لەمەدا نەخۆش سکاڵا لەدەست نیشانەگەلی دیاری نەخۆشی دەکات و هەستی پێ دەکات.

ئاستی گیانەڵا:

لەمەدا باری تەندروستی تاك دەگاتە ئاستێك کە ئیدی ئاسان نییە بگەڕێنرێتەوە بۆ دۆخی ئاسایی.

مردن:

لێرەدا ژیان کۆتایی پێ دێت [1]

دکتۆر مونسف مەرزوقی پێیوایە پاراستنی تەندروستی لەمڕۆدا چەمکێکی سەنتەرییە لە فەلسەفەی رێکخراوی تەندروستی جیهانیدا، لەم سۆنگەیەوە ئیشکالییەتی بنەڕەتی هێندەی فەراهەم کردنی ئەو هۆکارانەیە کە زۆرینە توانادار بکات تا ئەو تەندروستییە بپارێزن ئەوەندە فەراهەم کردنی نەخۆشخانەکان نییە [2]

---

1. http://faculty.ksu.edu.sa/sport4health/new

2. حق الصحة بين الواقع والنظرية د منصف المرزوقي الناشر المؤسسة العربية الأوربية للنشراللجنة العربية لحقوق الإنسان منشورات أوراب Editions Eurabe

## بابەتی سێیەم

## سیستەمی تەندروستی چییە

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سیستەمی تەندروستی بەم جۆرە دەناسێنێت "بریتییە لە کۆی ئەو دەزگاو دامەزراوەو سەرچاوانەی کە لەبنەڕەتەوە ئامانجیان باشترکردنی تەندروستییە. ئەم سیستەمەش پێویستی بەکارمەند، پارە، زانیاری، باربۆیی، هۆکارەکانی هاتوچۆو پەیوەندی، ڕێنمایی و ئاراستە گشتییەکانە. پێویستیشە لەسەر ئەو سیستمە تەندروستییە چەردەیەك خزمەتگوزاری دابین بکات کە بەنرخی دادپەروەرانەو گونجاو وەڵامی پێداویستییەکان بدەنەوە و لەهەمان کاتیشدا هەوڵ بدات بەشێوەیەکی شایستە ڕەفتار لەتەك خەڵکیدا بکات" [1]

بەلای"ڕۆیمەر"یشەوە سیستەمی تەندروستی بریتییە لە" کۆی سەرچاوەکان، ڕێکخستن، باربۆکردنو کارگێڕی، کە بەهەموویان گەرەنتیی گەیاندنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان دەکەن بۆ گشت هاوڵاتییان." [2] .

لەدوای کۆنگرەی ئەلماتاشەوە(*) ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی گەلێك پرۆژەی دامەزراند بۆ دروست کردنی رایەڵەیەك لە نێوان تەندروستی و پەرەپێداندا بەمەش چڕکردنەوەی سەرنجی لەسەر پەرەپێدانی ئابوورییەوە وەرچەرخاند بۆ چوارچێوەیەکی فراوانتر کە پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە، بەم پێیەش ئەم ڕێکخراوە وێنایەکی نوێی بۆ پێناسەکردنی سیستمی تەندروستی خستە ڕوو ئەویش بریتییە لە گشت سەرچاوە مرۆیی، دارایی، مادی و ڕێکخراوەییەکان کە ئەو بەشداریکردنو ڕێو شوێنە تەندروستییانە بەرهەم دەهێنن کە بەپلەی یەکەم ئامانجیان باشکردنی تەندروستیو پاراستنییەتی لەڕێگەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی تاكو جەماوەرەوە [3] .

---

1. http://www.who.int/features/qa/28/ar/index.html

2. د. بلقاسم صبري، الدور الستراتيجي لوزارات الصحة في تطوير النظم الصحية وتحسين ادائها ص٣ http://unpan1.un.org/intradoc/groups/public

3. د. بلقاسم صبري، الدور الستراتيجي لوزارات الصحة في تطوير النظم الصحية وتحسين ادائها ص٦ http://unpan1.un.org/intradoc/groups/public

(*) کۆنگرەی نێودەوڵەتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سەبارەت بە چاودێری تەندروستی بەرایی ساڵی 1978 لە شاری ئەلماتای کازاخستان بەستراو ئامانجەکەشی (تەندروستی بۆ هەمووان Health for All) بوو.

له سۆنگەی پێناسەکانی سەرەوە کە بۆ سیستمی تەندروستی کراون‌و لەو پێناسانەشەوە بۆ سیستم خستمانە روو، دەکرێت بڵێین سیستمی تەندروستی بریتییە لە کۆمەڵێك یەکەو دامەزراوەی سەربەخۆ، رێکخراو و پەیوەندیدار بەیەکەوە کە سەرباری جیاییان لە راپەڕاندنی پرۆگرام‌و ئەرکەکانیاندا، بەڵام ستراتیژێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، ئەویش باشکردنی ئاستی تەندروستی تاکەکان‌و تەندروستی کۆمەڵگایە لەرێگەی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری تەندروستی‌و پزیشکییەوەو پاراستنی ئەو خزمەگوزارییانەو لێرەشەوە دابینکردنی ئاسایشی تەندروستی بۆ تاك و کۆمەڵگە.

لێرەوە دەکرێت بڵێین گرنگی سیستمی تەندروستی لەو خزمەتگوزارییە تەندروستییەدایە کە دامەزراوە تەندروستییەکان بۆ تاك‌و کۆمەڵگەی فەراهەم دەکەن‌و مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی تەواو لەبەرچاو دەگرن کە گشت توخمە پێکهێنەرەکانی کەسێتییە ئاوەزی،بایۆلۆژی، دەروونی‌و کۆمەڵایەتییەکەی بەردەوام لە کارلێکدان‌و هەر پەشێوییەك دووچاری یەکێك لەم توخمانە ببێت، هاوکات کاردەکاتە سەر توخمەکانی دیکەی. هەر بۆیە خزمەتگوازری پزیشکیی کۆمەڵایەتی وەك مرۆڤێك لە نەخۆش دەڕوانێت کە پێداویستیی دەرونی و کۆمەڵایەتی هەیە، بۆ ئەوەش سود لە چارەسەری پزیشکی وەربگرێت پێویستە ئەو پێداویستییانەی تێر بکات [1] .

لەبەرئەوەی نەخۆشی "گرفتێکی مرۆییە کە دووچاری تاك دەبێت و کاردەکاتە سەر سروشتی بەرهەمهێنەریی کۆمەڵگە، هەربۆیە سیستمی کۆمەڵایەتی پابەندە بەوەی سیستمێکی تەندروستیی تەواو کەماڵ بەدیبهێنێت کە تێیدا تەندروستی تاکەکان بپارێزێت و بە جۆرێك چارسەریان بکات کە ببێتە هۆی چاك بوونەوەی تەواویان."[2]

بەم پێیە ئامانجەکانی سیستمی تەندروستی بریتین لە:" باشکردنی تەندروستی مرۆڤ، سنووردانان بۆ نادادپەروەری لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستیدا، وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی دانیشتوان و دابین کردنی دادپەروەری لە بەشداریی داراییدا [3] .

---

1.د. ابراهيم عبدالهادي محمد المليجي، الرعاية الطبية و التأهيلية من منظور الخدمة الاجتماعية، سلسلة جدران المعرفة، ص ٣٩

2. د. زهير الاعرجي، النظام الصحي و السياسة الطبية في الاسلام، ل ٥٧

3.د. بلقاسم صبري، الدور الستراتيجي لوزارات الصحة في تطوير النظم الصحية وتحسين ادائها ص٦ http://unpan1.un.org/intradoc/groups/public ، ص ٧

## بابەتی چوارەم

## جۆرەکانی سیستمە تەندروستییەکان

هەتا سەدەی نۆزدەش سیستمی تەندروستی تەنها لە نەخۆشخانەکان پێکدەهات، کەئەم نەخۆشخانانە لەولاَتانی رۆژهەلاَتی ناوەڕاست پێیان دەووترا بیمارستان و تەنها لەشارەکاندا هەبوون [1] .

ئەگەرچی سیستمی تەندروستی دەولَەتەکان جیاوازەو بە گوێرەی سیستمی سیاسیو ئابووری دەولَەتەکان دەگۆڕێت"سیستمی چاودێری تەندروستیی هاولاَتیان لە دەولَەتێکەوە بۆ دەولَەتێکی دیکە دەگۆڕێت، هەندێکیان کەرتی حکومی، واتە گشتی، بەسەریدا زالَو لە هەندێکیشیان کەرتی تایبەت، ئەم سیستمە بەشێکی گرنگ لە بودجەی هەموو ولاَتێك پێك دەهێنێت." [2]

بەلاَم بەگشتی دەتوانین لەسەر بنەمای سیستمی ئابووری دەولَەتەکان، سیستمی تەندروستی بکەینە دوو جۆرەوە:

**سیستمی تەندروستی سەرمایەداری:**

یەکێك لەدەرەنجامەکانی جیاوازی چینایەتی لە نێو سیستمی سەرمایەداریدا، بوونی جیاوازییە لە سیستمی چاودێری تەندروستیدا بۆ نمونە ئەم جیاوازییە لە ئەمریکا پەیوەست دەکرێتەوە بەجیاوازی تەندروستی" بەجۆرێك ئەو جیاوازییە گەورەیەی لە ئاستی گشتی تەندروستیی تاکەکاندا هەیە، لەنێوان گروپە ئابووری و کۆمەلاَیەتییە جیاوازەکانیشدا هەیە ، بۆنمونە ئەو گروپە ئابووری وکۆمەلاَیەتییانەی کە لەدۆخێکی نزمدان، بەشێوەیەکی گشتی خزمەتێکی تەندروستی کەمتریان دەست دەکەوێت و رێژەیەکی زۆری نەخۆشییە درێژخایەنەکانیشیان تیابلاَوە وەك شەکرە، قەلَەوی و بەرزەفشاری خوێن [3]

ئەگەرچی تاك لەسیستمی سەرمایەداریدا مافی هەیە کە تەندروستییەکی باشی هەبێت بەلاَم بەدیهاتنی ئەمەش بەدوو مەرجەوە بەستراوەتەوە" یەکەم/ باری گوزەران و نیشتەجێ بوون. دووەم/ ئەو نەخۆشخانەیەی کە کاتی نەخۆش کەوتنی چارەسەری لێ دەکرێت.

---

1. د. بلقاسم صبري، الدور الستراتيجي لوزارات الصحة في تطوير النظم الصحية وتحسين ادائها http://unpan1.un.org/intradoc/groups/public ، ص ١٢

2. الدكتور محمد سامي وليد،الأنظمة الصحية في الدول الرأسمالية– مقارنة احصائية www.arabmedmag.com

3. ویکیپیدیا بڕوانە Hurst, C. E. (2007). Chapter 10: The impact of inequality on personal life chances. Social inequality (6th ed., pp. 243-251). Boston: Pearson

خۆ ئەگەر ئەو کەسە سەر بەچینی سەرمایەداران بێت ئەوا شوینی نیشتەجێ بوونەکەی و جۆری خۆراکەکەی رۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە پاراستنی تەندروستی ولەشساغ بوونیدا.[1]

نەك هەر ئەمە بەڵکو لە سیستمی تەندروستی سەرمایەداریدا تەندروستی دەبێتە کاڵا، رێکخراوی تەندروستی جیهانی لە راپۆرتی ساڵی(٢٠٠٨)دا دەڵێت:"سیاسەتەکانی بنیاتنانەوەی هەیکەلەی ئابووری کە لەگەڵ سندوقی نێودەوڵەتیی دراو و بانکی نێودەوڵەتیدا گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت، بەراستی بوونەتە هۆی دارِمانی سیستمی تەندروستی گشتی. کەلێنی نێوان خزمەتگوزاری کەرتی تایبەتو گشتی زیاتر بووە. "بەکاڵاکردنی نارێکوپێکی سیستمی تەندروستی وای لێکردووە ناکاراو تێچووی زۆر بێت. ئەمەش جیاکاری پتەو دەکات، خزمەتگوزاری خراپ و تەنانەت مەترسیدار بەرهەم دەهێنێت." [2]

وەك پێشتر ئاماژەمان پێیدا سیستمی تەندروستی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێتو جیاوازە، ئەمەش بۆ وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری هەر وایە وەك لەم دوو هێڵکارییەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کەلە ئامارێکی بەراوردکارییەوە وەرگیراوە .[3]




رێژەی بەشداریکردنی کەرتی گشتی لە چاودێری تەندروستیدا

لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێت رێژەی بەشداریکردنی کەرتی گشتی (واتە حکومی) لە سیستمی تەندروستیدا لەئەمریکا لەو وڵاتانەی دیکە کەمترە لە کاتێکدا هێڵکاریی دووەم نیشانمان دەدات کە خەرجی تاك لە چاودێری تەندروستیداو بەگوێرەی توانای کڕینی تاك لە ئەمریکا بەرزترە لەوڵاتەکانی دیکە.

---

1. د. زهير الاعرجي، النظام الصحي و السياسة الطبية في الاسلام، ل ٢٦

2. مارتين بولار،كيف تعمل الأنظمة الصحّية عبر العالم؟ لۆمۆندی عەرەبی http://www.mondiploar.com

3. الدكتور محمد سامي وليد،الأنظمة الصحية في الدول الرأسمالية– مقارنة احصائية ww.arabmedmag.com




خەرجیی چاودێریی تەندروستی تاك بەگوێرەی توانای کڕینەکەی بەدۆلار

**سیستمی تەندروستی سۆسیالیستی**

لەو ولاتانەی کە سیستمە سیاسییەکەی پەیڕەوی لە ئابووری سۆسیالیستی دەکەن و هەروەها لەولاتانی ئەسکەندنافیەدا سیستمی چاودێری تەندروستی دەکەوێتە نێو چوارچێوەی سیاسەتەکانی دەوڵەتەوەو خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی تەندروستی بەخۆڕایی دابین دەکرێت "لە سوید، نەرویژو بەریتانیا خۆڕایی بونی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان مسۆگەرە، دابین کردنی ئامێرو تەجهیزات لەلایەن حکومەتەوە دەبێت، دەوڵەتیش یا ئیدارە خۆجێیەکان هەقی پزیشکەکان لەشێوەی موچەدا دەگرنە ئەستۆ"(1) .

سەبارەت بەبەریتانیا هەرچەندە ولاتێکی سەرمایەدارییە، بەلام "سیستمە تەندروستییەکەی لە بیری سەرمایەداریدا هەلاوێژە(استثناء)، چونکە بەپێچەوانەی باوەڕی سەرمایەدارییەوە، لە پێویستیی قازانج کۆکردنەوە لە هەر کارێکی بازرگانی، چارەسەری پزیشکی پێویستە بدرێت بە نەخۆش کە پێویستیان بە چارەسەرو دەرمانە بەدەر لەوەی دەتوانن پارەکەی بدەن یان نا" (2).

---

1. مارتین بولار،کیف تعمل الأنظمة الصحّية عبر العالم؟ لۆمۆندی عەرەبی http://www.mondiploar.com
2. د. زهير الاعرجي، النظام الصحي و السياسة الطبية في الاسلام، ل ٢٦

له هەردوو وڵاتی کوباو کۆریای باکوریش خزمەتگوزاری تەندروستی بەخۆڕاییە، سیستمی تەندروستی لە کۆریای باکور پێی دەوترێت (سیستمی میللیی تەندروستی) کە گشت خەرجییەکانی چارەسەرکردن، دەستنیشانکردنی نەخۆشی، نەشتەرگەریی و کەوتن لە نەخۆشخانە خۆڕایین. لە کۆریای باکورپەیڕەوی لە سیستمی پزیشکیی خۆپارێزی( الطب الوقائي) دەکرێت کە خۆپاراستن دەکاتە بنەمای سیستمە تەندروستییەکە [1] .

"ڤیسینتی ناڤارۆ" لەدوو لێکۆڵینەوەدا لەبارەی پەیوەندی فەلسەفەو هزری سیاسی بەسیستمی تەندروستییەوە ئاماژە بەوەدەدات کە دەرهاویشتەکانی( output )ی ستاتۆی تەندروستی لەو وڵاتانەی بە سۆسیالْ دیموکرات دەناسرێن کوالێتییەکی بەرزتری هەیە لە وڵاتانی سیستمی لیبرالێزم، لەو نیشانانەش کە "ناڤارۆ" ئاماژەی پێدەدات ڕێژەی خەرجکردن بۆ هاوکاری و خزمەتگوزارییەکان، دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهات و سامان و دەستەبەرکردنی خزمەتگوازرییە پێویستەکانە بۆ پشتیوانی خێزان و تاك [2]

**سیستمی تەندروستی لە عێراق ـ کوردستاندا**

بەو پێیەی کوردستان بەشێکە لە عێراق و بە پێی مادەکانی (120 و 141) ی دەستوری عێراقیش نابێت یاساکان و دەستوری هەرێمەکان لەگەڵ دەستوری حکومەتی فیدراڵیدا ناکۆك بێت بۆیە سیستمی ئابووری بەگشتی و تەندروستی هەرێم جیاوازییەکی بنەڕەتیی لەگەڵ سیستمی تەندروستی حکومەتی فیدراڵیدا نییە.

سیستمی ئابووری عێراق سیستمێکی سەرمایەدارییە، ئەمەش لەمادەکانی (23، 24، 25و 26) دەستووری هەمیشەیی عێراق و مادەی(15) ی پرۆژەی دەستوری هەرێمدا هاتووە، جگەلەوەش لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا ئاشکرا دیارە.

ئەم تایبەتمەندێتییەی سیستمی ئابوری سەرمایەداری کەرتی تەندروستیش دەگرێتەوە وەك لە برگەی دووەمی مادەی (31) دا هاتووە کەدەڵێت"تاکەکان و دەستەکان لە ژێر سەرپەرشتی دەوڵەتدا، دەتوانن نەخۆشخانە یا بنکەی تەندوستی یا خانەی چارەسەرسازیی تایبەت دامەزرێنن، ئەمەش بەیاسا ڕێك دەخرێت [3] .

هەروەها لە یاسای ژمارە (25)ی ساڵی (1984)ی تایبەت بە(دامەزراندنی نەخۆشخانەی تایبەت) دا بڕیار لەسەر فراوان کردنەوەی خزمەتگوزاری تەندروستی لەڕێگەی دامەزراندنی کۆمپانیای سنوردار بۆ دامەزراندنی نەخۆشخانەی تایبەت دراوە [4] .

---

1. http://www.naenara.com.kp/ar/index.php سایتی فەرمی کۆریا

2. ویکیپیدیا أ ب. Navarro, V., & Shi, L. (2002). The political context of social inequalities and health. In V. Navarro (Ed.), The Political Economy of Social Inequalities: Consequences for Health and Quality of Life (pp. 403-418). Amityville, NY: Baywood

3. دەستووری هەمیشەیی عێراق.

4. د. جابر مهنا الحسيناوي المجموعة الكاملة للتشريعات الصحية ،مركز الطباعة و النشر العلمي، بغداد، العراق،الطبعة الاولي، ص ٢١١

مادەکانی (29 ب) و (30) (بڕگەی یەکەم و دووەم )و (31)(بڕگەی یەکەم) لە دەستوری عێراق و هەروەها مادەی(24) ی پرۆژەی دەستوری هەرێم گرەنتییان داوەتە دابین کردن و لەئەستۆگرتنی تەندروستی هاوڵاتیان.
بۆ نمونە لەمادەی (30) دەستوری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە

{**یەکەم:** ـ دەوڵەت بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پایە بنەڕەتییەکانی ژیانێکی ئازادو کامەران بۆ تاك و خێزان – بەتایبەت منالّ و ژن– دابین دەکات، داهاتی گونجاوو شوێنی نیشتەجێ بوونی لەباریان بۆ دابین دەکات.

**دووەم:** ـ دەوڵەت بیمەی کۆمەڵایەتی وتەندروستی بۆ عێراقییەکان لەکاتی پیریی یا نەخۆشکەوتن یاپەککەوتن یا بێ خانەو لانە بوون، یا هەتیوکەوتن یا بێکاریی دابین دەکات، کاریش دەکات بۆ پاراستنیان لە نەزانی، ترس و هەژاری، خانویان بۆ دەستەبەر دەکات لەگەلّ پرۆگرامی تایبەت بۆ راهێنانیان وبایەخ پێدانیان، ئەمەش بەیاسا رێك دەخرێت }[1]

هەروەها مادەی (٣١)ی دەستوری هەمیشەیی عێراق دەڵێت:

(**یەکەم**: ـ هەموو عێراقییەك مافی بەهرەمەندبوونی هەیە لە چاودێری تەندروستی، دەوڵەت بایەخ بە تەندروستی گشتی دەدات، هۆکارەکانی خۆپاراستن و چارەسەرکردن دەگرێتە ئەستۆ بەوەی نەخۆشخانەو دامەزراوەی تەندروستی جۆراوجۆر دامەزرێنێت.

**دووەم**: ـ تاك و دەستەکان دەتوانن،نەخۆشخانە، بنکەی تەندروستی یا خانەی چارسەرگەریی تایبەت دامەزرێنن، لەژێر چاودێری دەوڵەتدا، ئەمەش بەیاسا رێك دەخرێت [2]

لەمادەی ٢٤ی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان–عێراق دا هاتووە:

"**یەکەم**: هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە ئاستێکی گوزەرانی تەواوی هەبێت بۆ ئەوەی سەربەرزانە بژی کە خۆراك و پۆشاك و خانوو بەرەشی دەگرێتەوە.

**دووەم:**

هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە دەستی بەچاودێری لەشساغی و چارەسەری پزیشکی رابگا، بەیّ لەبەر چاوگرتنی توانای خەرجییەکانی" [3]

---

1. دەستووری هەمیشەیی عێراق
2. دەستووری هەمیشەیی عێراق
3. پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان–عێراق. پەرلەمانی کوردستان – عێراق ، ل.٢١

هەروەها یاسای ژمارە (10) ی ساڵی( 1983)کە بە یاسای وەزارەتی تەندروستی ناسراوەو یاسای تەندروستی گشتیی ژمارە( ٨٩)ی ساڵی (١٩٨١)و یاسای نۆرینگە پزیشکییە میللییەکانی ژمارە (٨٩)ی ساڵی (١٩٨٦)و یاسای تەندروستی دەرونیی ژمارە (١)ی ساڵی( ٢٠٠٥ )بەشێوەی جۆراوجۆر باسیان لە دابین کردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و چاودێری تەندروستی بۆ هاوڵاتیان کردووە.

دەكرێت بڵێین ئەم سیاسەتەی دەوڵەت سەبارەت بە لە ئەستۆگرتنی چاودێری تەندروستی لە سیستمی بەریتانی (National Health Service) دەچێت. بەڵام بەچەند جیاوازییەكەوە كە گرنگترینیان:

**یەكەم:**

باربۆكردنی(تمویل)سیستمی تەندروستی بەریتانی لەسەروەرگرتنی باجە لە كارمەندو كرێكارو مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی( ١٩٤٨ )كە بەرهەمی خەباتی پارتی كرێكارانی بەریتانی بوو[2]. بۆیە حكومەت ناتوانێت بە ئاسانی گۆڕانكاریی ریشەیی لە سیستمی تەندروستیدا بكات.

بەڵام بودجەی سیستمی تەندروستی لە عێراقدا لەسەر داهاتی نەوتە، ئەمەش وا دەكات هەر چاكسازی و باش بوونێك لە سیستمەكەدا بكرێت یا خود هەر گۆڕینێك بەئاراستەی كەمكردنەوەی بڕی خزمەتگوزارییە تەندروستییەكان لەلایەن حكومەتەوە بكرێتو هاوڵاتی رۆڵو كاریگەریی نەبێت لەو گۆڕانكارییانەدا.

**دووەم:**

پزیشكی مومارس لە سەنتەری چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە بەریتانیا (وەك مەڵبەندی تەندروستی لە سیستمی تەندروستی عێراقدا) نەخۆش و سەردانكەران(مراجع) دەبینێت و ئەو بڕیاری ناردنی بۆ نەخۆشخانە یا بۆ لای پزیشكی پسپۆڕ دەدات. بەم مانایە پزیشكی خێزان ئەڵقەی پەیوەندییە لە نێوان سەنتەری چاودێری تەندروستیو عیادەی تایبەتی پزیشكی پسپۆڕ [3] .

هەروەها لە سیستمی تەندروستی بەریتانیدا بینین یا پشكنینی نەخۆشو شیكاری تاقیگەییو هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی لە مەڵبەندەكەدا پێشكەشی دەكرێت بەخۆڕاییە، تەنانەت لە نەخۆشخانەكانیشدا نەشتەرگەری (بچووك بێت یا گەورە) بەخۆڕاییە.

بەڵام لە عێراق( كوردستان) نەخۆش سەربەخۆ دەچێت بۆ لای پزیشكی پسپۆڕ و پزیشكی پسپۆڕیش كارەكەی لەنێوان كەرتی گشتی و كەرتی تایبەتدا تێكەڵ دەكاتو بەمەش پرەنسیپی قازانج جێی پرەنسیپی مرۆیی لە پیشەی پزیشكیدا دەگرێتەوە.

---

1. یسري حسین ،بریطانیا الكشف الطبي بالمجان وكل العملیات الجراحیة الدقیقة أیضاً
http://www.masress.com
2. هسپ

سەرەڕای ئەوەی زۆرێك لەو پشكنینو نەشتەرگەرییانەی كە ئەنجام دەدرێت یا 20٪ كرێكەی دەكەوێتە سەرشان، وەك لە سیستمی نیمچە تایبەتدا( semi private) كە ئێستا لە نەخۆشخانەكان كاری پیٚ دەكرێت. یا دەنێردرێت بۆ نەخۆشخانەی تایبەت كە ئەمەش تەواوی كرێكە لەسەر نەخۆشە. لەكاتێلدا بەپێی مادەی (٩)ی یاسای ژمارە (٢٥)ی دامەزراندنی نەخۆشخانە ئەهلییەكان كە لەسالیٚ (١٩٨٤)دا دەرچووە ئەو پزیشكانەی مۆڵەتی دامەزراندنی نەخۆشخانەی(تایبەت) ئەهلی وەردەگرن نابێت لە یەك كاتدا لە نەخۆشخانە ئەهلییەكەو نەخۆشخانەی كەرتی گشتی(حكومی)دا كاربكەن، بەڵكو دەتوانن لە نەخۆشخانە ئەهلییەكەدا عەیادەیان هەبێت. لە مادەی (١٢)ی هەمان یاسایشدا هاتووە كە وەزارەتی تەندروستی بەگوێرەی ئەحكامەكانی یاسای راژەی مەدەنی پێداویستی نەخۆشخانەی ئەهلی لە خاوەن پیشەی پزیشكیو تەندروستی دابین دەكات[1] .

---

1. د. جابر مهنا الحسيناوي المجموعة الكاملة للتشريعات الصحية ،مركز الطباعة و النشر العلمي، بغداد، العراق،الطبعة الاولي، ص ٢١١

## بەشی سێیەم

## مافی نەخۆش

## ماف چییە

## نەخۆش کێیە؟

## مافی نەخۆش لە نێو جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤدا

## مافی نەخۆش لە دستورو یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا

## لیستی ماف و ئەرکەکانی نەخۆش

## مافی نەخۆش

### بابەتی یەکەم

### ماف چییە

بۆ ئەوەی چەمکی ماف بناسێنین پێویستە لەرووی زمانەوانییەوە بزانین چی دەگەیەنێت پاشان لەرووی ماناو ناوەڕۆکەوە دەستنیشانی بکەین. دواتریش جۆرەکانی ماف روون دەکەینەوە.

ماف لە رووی زمانەوانییەوە بەمانای بەش،پشك، هەق دێت(مافت بەسەر ئەو ماڵەوە نییە) [1] . لە کوردیشدا دووترێت "بەشە بەشدارم، هەقە هەقدارم" کەئەمەش مانای ماف دەگەیەنێت .

لە زمانی عەرەبیدا وشەی ماف یەکێکە لە هاوواتاکانی وشەی(حق) کە(رەوا، راستی)یش دەگەیەنێت [2].

لەرووی زاراوەناسیشەوە مانای جۆراوجۆر دەگەیەنێت هەر لە مانای یاساییەوە، تا مانای ئەخلاقیو فەلسەفی[3]

لەرووی فەلسەفییەوە چەمکی ماف مانای ( ئەو دەسەڵاتە یا تواناییەیە کە یاسا بۆ کەسێك بڕیاری لێدەدات و بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتەش کەسەکە تایبەتمەندی ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراوی دەبێت) [4]

هەندێکیش مافەکانیان بەوە پێناسە کردووە کە( بەو ئیمتیازو مەوقیعیەتانە دەگوترێن کە تاکە کەس یا دەستەو تاقمەکانی نێو کۆمەڵ بە گوێرەی قانون، یان بە گوێرەی رێوشوێنە ئیتیکی و ئەخلاقییەکان ، یان بەپێی نۆرمە جۆراوجۆرەکانی دیکە هەیانە یان دەیاندرێتێ.) [5]

هەروەها لە(ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفیی ستانفۆرد Stanford Encyclopedia of Philosophy ) یشدا هاتووە کە(مافەکان استحقاقاتن(نەك) جێبەجێکردنی کۆمەڵێك رێ وشوێنی دیاریکراو Rights are {entitlements (not) to perform certain actions [6]

---

1. هەژار، هەنبانە بۆرینە ، فەرهەنگی کوردی فارسی، ٧٩٣، انتشارات صداوسیمای جمهوری اسلامی ایران
2. فازل نیزامەدین، فەرهەنگی شیرین، عەرەبی – کوردی ، چاپخانەی شڤان، چاپی چوارەم ٢٠٠٧،ل١٥٦
3. د. حافظ علوان حمادي الدليمي، حقوق الانسان، بغداد،٢٠٠٨، لا٣٧
4.موسوعـة السياسة. د.عبدالوهاب الكيالي، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، دارالهدي للنشر والتوزيع، الجزء الثاني، ص، ٥٥٣
5.کۆمەڵێك نووسەری نەرویجی، کورتە باسێك سەبارەت بەمافەکانی مرۆڤ، وەرگێڕانی ئیبراهیم ساڵحی راد،هەولێر، چ١ ٢٠١١، لا١٧
6. http://plato.stanford.edu/entries/rights

کەوایە دەکرێت بڵێین ماف بریتییە لە پشکی تاك یا گروپ لە بەرژەوەندییە مادی و مەعنەوییەکان، لە ئیمتیازات یا بەرهەمی مادی و مەعنەوی کۆمەڵگە یاخود گەڕاندنەوەیان، واتە ئەو پشك و ئیمتیازاتانە، بۆ ئەو کەسانەی کە لێیان زەوت کراوە، یاساکان و دەستوریش مافەکان و ئیستیحقاقاتەکان دیاری دەکەن.

## بابەتی دووەم

## نەخۆش کێیە؟

نەخۆش لەرووی زمانەوانییەوە واتە بیمار [1]، لەش بەبار [2] تالکۆت پارسۆنز پێیوایە کە" نەخۆشی بەتەنها دیاردەیەکی بایۆلۆژی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیشە" [3]

دکتۆر حافظ ابراهیم محمود لە کتێبی" علم الامراض العام"دا دەڵێت:"نەخۆشی ئەو دۆخەیە کە لادانی توێکاریی یا کیمیاوی یا فیزیۆلۆژی لەو دۆخە هاوسەنگەدا دەردەکەوێت کە بوونەوەری زیندوو تێیدایە. بە وتەیەکی دیکە نەخۆشی دەرەنجامی نەمانی هاوسەنگییە لەنێوان خانەخویێو ژینگەکەیدا واتە نەمانی هاوسەنگی لەنێوان خۆیو هۆکاری نەخۆشییەکە [4]

پێناسەیەکی دیکە دەڵێت نەخۆش:" هەموو وەرگرێکی خزمەتگوزاری تەندروستییە، وەرگرەکە نێر بێت یا مێ، پێویستیشە لەسەر هەریەکە لە ئەنجامدەرو وەگری خزمەتگوزارییەکە زانیاریان لەسەر ئەومافانە هەبێت.ئەم مافانە لە بەهاو ئاکارەکانی پیشەی پزیشکییەوە هەڵهێنجراوە." [5]

لەمادەی یەکی یاسای ژمارە (١٥١) خانەنشین کردنو بیمەی کۆمەڵایەتیی هەموارکراوی ساڵی (١٩٧١) لەعێراقی پێناسەی نەخۆشیی بەوە کردووە کە" بریتییە لە پەککەوتنێکی تەندروستی کە رێگربێت لەوەی خاوەنەکەی کارەکانی ئەنجام بدات و نابێت ئەم پەککەوتنە بەهۆی پێکرانی کارەوە(اصابة العمل) بێتو بەهۆی شارەزایی پزیشکیشەوە دەستنیشان دەکرێت" [6]

---

1. فازل نیزامەدین، فەرهەنگی شیرین، عەرەبی – کوردی ، چاپخانەی شڤان، چاپی چوارەم ٢٠٠٧،ل٦٧٧
2. هەژار، هەنبانە بۆرینە ، فەرهەنگی کوردی فارسی، ٧٩٣، انتشارات صداوسیمای جمهوری اسلامی ایران ل٨٨٠
3. د. زهير الاعرجي، النظام الصحي و النظام الطبي في الاسلام
4. د. حافظ ابراهيم محمود، علم الامراض العام، الموصل ١٩٨١، ص ١٢
5. دكتور/ وائل حسنين/ قسم جراحة القلب و الصدر ـ كلية الطب ـ جامعة الإسكندرية http://www.waelhassanein.com
6. http://www.iraq-ild.org

لێرەوە دەكرێت پێناسەی نەخۆش بەم جۆرە بكەین: كەسێكە كە تێكچوونێك لە ئەركە جەستەییەكانی یا ئاوەزییەكانی یا دەروونییەكانی یا كۆمەڵایەتییەكانی یا هەموویان یا چەند دانەیەكیاندا روودەدات و بەو هۆیەشەوە پێویستیی بە پشكنین یا چاودێری پزیشكیی یا وەرگرتنی چارەسەر یا هەموویان دەبێت.

لەمڕۆدا لەهەندێك وڵاتانی رۆژئاوا بە لەبەرچاو گرتنی " مافەكانی مرۆڤ" و " كەرامەتی مرۆڤ" لەجیاتی بەكارهێنانی دەستەواژەی نەخۆش بۆ ئەو كەسەی لەژێر چاودێرییەكی تەندروستیدایە دەستەواژەی "بەكاربەری تەندروستی health Consumer" یا "بەكاربەری خزمەتگوزاری تەندروستی Consumer health service"بەكار دەهێنرێت.

نەخۆشیش دوو جۆرە نەخۆشی دەرەكی (Outpatient)و نەخۆشی خەوێنراو(inpatients).

نەخۆشی دەرەكی ئەو كەسەیە كە لە نەخۆشخانە ناخەوێت، بەڵكو سەردانی نۆرینگە، یا مەڵبەندی تەندروستی یا نەخۆشخانەیەك یا دامەزراوەیەكی تەندروستی دەكات كە ئامێری پزیشكی تێدایە بۆ دەستنیشان كردنی نەخۆشی و چارەسەركردنی. بەڵام نەخۆشی خەوێنراو ئەو كەسەیە كە داخل بوونی لە نەخۆشخانە تۆمار دەكرێت و شەوێك یا ماوەیەكی دیاریكراو تیایدا دەمێنێتەوە. " (1)

---

1. http://ar.wikipedia.org/wiki

## بابەتی سێیەم

## مافی نەخۆش لە نێو جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤدا

لە سوێندەکەی ئەبۆکرات و کتێبەکەی ئەبوبەکری رازی "ئاکاری پزیشك"دا بەشێوەی جۆراوجۆر ئاماژە بەئاکاری پیشەیی پزیشکی دراوە، بەتایبەت پاراستنی نهێنی نەخۆش و پاراستنی کەرامەتی"سوێندبێت بۆ بەرژەوەندی نەخۆشەکان بچمە ماڵان و هەرشتێکیش پشت گوێ بخەم کە زەرەریان پێ بگەیەنێت، فێڵ لە ژنان یا پیاوان ،ئازادبن یا کۆیلە، نەکەم و دەستدرێژییان نەکەمە سەر، هەر شتێکیش دەبینم یا لە خەڵکی دەیانبیستم و پێویست بکات بە نهێنی بمێننەوە، نەیان درکێنم" [1] هەروەها ئەبوبەکری رازیش لە" ئاکاری پزیشکی"دا دەڵێت :" ئەوەش بزانە کوڕی خۆم کە دەبێت پزیشك خاوەن بەزەیی بێت لەگەڵ خەڵکی، پارێزەری شتە شاردراوەکانیان بێتو نهێنییەکانیان بشارێتەوە، نەخواسمە نهێنی ئەوانەی خزمەتیان دەکات، چونکە دەشێت هەندێك کەس نەخۆشییەکیان هەبێتو لەکەسە زۆر تایبەتەکانیشیان وەك باوكو دایكو منداڵەکانیان، بشارنەوە." [2]

پەرەسەندنو کەڵەکەبوونی بیرورِ جۆراوجۆرەکان بۆ بەهاو ئاکارە پیشەییەکانی پزیشکی زەمینەیەك بوون بۆ گەڵاڵەبوونی (مافەکانی نەخۆش). ئەوەش زیاتر یاریدەدەری ئەم گەڵاڵە بوونە بوو، راگەیاندنی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ بوو لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەساڵی 1948دا. کە لە برگەی یەکەمی ماددەی بیستو پێنجی ئەم جاڕنامەیەدا هاتووە:

"١. هەر کەس مافی ئەوەی هەیە بەمەبەستی دابینکردنی سەلامەتیو ئاسوودەیی خۆیو بنەماڵەکەی بەتایبەتی لەباری خواردن، جلو بەرگ، خانوبەرە، چاودێرییە پزیشکییەکانو خزمەتە کۆمەڵایەتییە پێویستەکانەوە، ئاستێکی باش لە ژیانی هەبێت. هەروەها مافی ئەوەی هەیە لەکاتی بێکاری، نەخۆشی، نەقوستانی، بێوەژنی یا بێوەمێردی،پیریو لەتەواوی ئەو حاڵەتانەدا کە بێئەوەی خۆی ویستبێتی، کەرەسەو ئامرازەکانی ژیانو بەڕێوەچوونی لەدەست دەرچوون، لەباری کۆمەڵایەتییەوە ژیانی دابین بکرێت." [3] . واتە مافی مرۆڤ لە چاودێری تەندروستی بووە بنەمایەك بۆ چێبوونی مافەکانی نەخۆش چونکە مافی تەندروستی فراوانترە لە مافی نەخۆشو ئەمەی دوایی بەشێکە لەو.

---

1. العراق، السلوك الطبي و اداب مهنة الطب، مجلس النواب العراقي ، لا ٤٨

2. ابوبكر الرازي، اخلاق الطبيب، تقديم وتحقيق، دكتور عبداللطيف محمد العبد، القاهرة، مكتبة دار التراث، ط١ ،١٩٧٧، لا٢٧

3. کۆمەڵێك نووسەری نەرویجی، کورتە باسێك سەبارەت بەمافەکانی مرۆڤ، وەرگێڕانی ئیبراهیم ساڵحی راد،هەولێر، چ١ ٢٠١١، لا١٧

لێرەوە چەندین رێککەوتننامەو بەڵگەنامەی نێو دەوڵەتی سەبارەت بە مافەکانی نەخۆش سەریان هەڵدا وەك راگەیاندنی رێکحراوی تەندروستی جیهانی(1)

، لیستی مافەکانی نەخۆش / کۆمەڵەی نەخۆشخانەکانی ئەمریکا 1973 (2) ، پەیماننامەی ئەوروپی بۆ مافەکانی نەخۆش[3] ... هتد.

جگەلە رێنماییو بڵاوکراوەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی، بۆ نمونە Njoki Ng'ang'a a & Mary Woods Byrne لە وتارێکیاندا بەناوی (نماذج تحديد أولويات الممارسة المهنية للممرضات في البلدان منخفضة الدخل)[4] کە لە گۆڤاری تایبەت بەرێکخراوی تەندروستی جیهانیدا بڵاو کراوەتەوە، جەخد لەسەر پاراستنی مافەکانی نەخۆش و پابەند بوون بە بنەما سەرەکییەکانی ئەخلاقی پیشەیی و سەنتەریزمی نەخۆش دەکەنەوەو پێیان وایە بەبێ رەچاوکردنی بونیادیی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، نەخۆش نابێتە سەنتەری گشت ئەو بڕیارانەی کە پەیوەستن بە چاودێرییەوە [4] .

---

1. دکتور / وائل حسنين حقوق المريض http://www.waelhassanein.com
2. د. مهـــــــى شــــــــومان جبـــــــاعي، الاخلاقيـــــــات الطبيــــــــة حقـــــــوق و تحـــــــديات http://www.ahfonline.net/Presentation-2010/15.pdf
3. *www.healthpolicyproject.com*
4. http://www.who.int/bulletin/volumes/90/1/11-097659/ar/& http://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC3260580

# بابەتی چوارەم

## مافی نەخۆش لە دستوور و یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا

ئەگەرچی لە یاساکانی عێراقدا(کوردستانیش)گەڵاڵەنامەیەکی دیاریکراو نییە بۆ کۆکردنەوەو لیستکردنی مافەکانی نەخۆش، بەڵام لە زۆرێك لە یاساکاندا هەندێك ئەرکی پیشەیی دیاریکراون‌و دانراون بەمەش خۆبەخۆ بووەتە پارێزەرێکی مافەکانی نەخۆش، وەك لە مادەی( ٨٩)ی یاسای سەلماندنی ژمارە( ١٠٧ )لەساڵی (١٩٧٩)ی تایبەت بە پاراستنی نهێنییەکانی پیشەدا هاتووە" پارێزەر یا پزیشك یا بریکار و یا کەسانی دیکە کە بەهۆی پیشەکەیەوە بەرووداوێکی زانی یا زانیاریی هاتە لا، نابێت ئەو زانیارییە بڵاو بکاتەوە تەنانەت دوای تەواوبوونی ئەرکەکەیشی، بەڵام ئەگەر داوای لێکرا بۆ شایەتیدان یا ئەگەر بۆ رێگرتن لە روودانی تاوانێك، پێویستە لەسەری شایەتی بدات [1]

هەروەها لە بڕگەی( ب )ی مادەی ژمارە( ٩١)ی یاسای تەندروستی گشتیدا( قانون الصحه العامه) بەندی چوارەم حوکمەکانی رێکخستن و سزادان بڕگەی چوار– ب دەڵێت:" نابێت نەشتەرگەری بۆ نەخۆش ئەنجام بدرێت، بەرەزامەندی خۆی نەبێت ئەگەر هۆشی هەبوو، یا رەزامەندی کەسێکی نزیکی ئەگەر بێ هۆش بوو یا منداڵ بوو، ئەمە ئەو حاڵەتە ناگرێتەوە کە ژیانی نەخۆشێك هەڕەشەی مردنی لەسەر بێت یا روبەرووی مەترسی بێتەوە کاتێك ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە دوا بکەوێت، بەمەبەستی رزگارکردنی ژیانی نەخۆش بەبێ بەدواداچوونی ئەورەزامەندییەی وا باس کرا. [2]

رینماییەکانی ئاکاری پیشەییش کە ئەنجومەنی سەندیکای پزیشکانی عێراق بەبڕیاری ژمارە( ٦ )لە دانیشتنی (٨) رۆژی( ١٩٨٥/٥/١٩) بە پشتبەستن بە بڕگەی یەکەمی مادەی ٢٢ی یاسای ژمارە (٨١)ی ساڵی (١٩٨٤) دەریکردووە، سەبارەت بەتایبەتمەندییەکانی پیشەی پزیشکی دەڵێت:《 پزیشکیی پیشەیەکی تایبەتە کە لەنێو پیشەکانی دیکەدا وێنەی نییە: ئەو پیشەیە مومارەسەیەکی هونەرییە کە ئامانجەکەی خزمەتێکی مرۆییەو پزیشك تیایدا شایستەی ئەو متمانەیە دەبێت کە نەخۆشەکەی دەیداتێ، نەخۆشیش، بەدەر لە ئایینەکەی یا نەژادەکەی یا باوەڕی سیاسی، پێویستە رێز لە کەرامەتی بگیرێت و ئەوپەڕی بایەخی پزیشکی پێشکەش بکرێت[3] .

---

1.http://www.iraq-ild.org قاعده التشريعات العراقيه

2.الوقائع العراقيه العدد ٢٨٤٥، ١٩٨١/٨/١٧ص٧٦٩ و http://www.iraq-lg-law.org المكتبه القانونيه العراقيه للحكم المحلى

3.... http://www.ima-iq.com

تا ئێستا مافەکانی نەخۆش چ لە عێراق و چ لە هەرێم نەبۆتە یاسایەك و تەنها پرۆژە یاسایەك هەیە لە پەرلەمانی کوردستاندا. بەڵام لە نەخۆشخانەکانی پارێزگای سلێمانی لیستی ماف وئەرکەکانی نەخۆش لەسەر فلێکس بەدیواری قاوشەکاندا هەڵواسراوە. لە کاتی گەڕانی توێژەریشدا لەنەخۆشخانەکان، دەرکەوت کە لەنەخۆشخانەی فێرکاری منداڵبوون لە سلێمانی لیستی ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لەسەر فایلی نەخۆش لە یەکەم لاپەڕەدا نووسراوە، ئەمەش بۆ سەرنج راکێشان و وشیارکردنەوەی نەخۆشە لەوەی کە خاوەنی ئەو مافانەیە. لە پاشکۆکاندا وێنەی کۆپیکراوی ئەو فایلە دەخەینە روو.

# بابەتی پێنجەم
# لیستی ماف و ئەرکەکانی نەخۆش

**یەکەم:**

لێرەدا لیستی مافەکانی نەخۆش بەو جۆرەی کە لە پرۆژە یاسای پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە دەخەینە روو:

١. نەخۆش مافی هەیە کە باشترین و نوێترین جۆری پشکنین و چارسەری بۆ بکرێت، بەجۆرێك بگونجێت لەگەڵ ستانداردی نێو دەوڵەتی و زانستی پزیشکی و چارەسەری سەردەمدا.

٢. نەخۆش مافی هەیە کەلەنەخۆشخانە و کلینکەکاندا بەشێوەیەکی دروست وشیاو پێشوازی و رێنمایی بکرێت، جێگەی پێشوازی وپشکنین و مانەوەی شیاو و دروستی بۆ دابین بکرێت، بەشێوەیەك ناخ و کەسێتی بپارێزرێت.

٣. نەخۆش لەمامەڵەو مافەکانیاندا یەکسانن، ناکرێت بە هۆکاری کۆمەلایەتی، رەگەزی ئابووری، تەمەن، رەنگ، ئایین یا مەزهەب، بیروبۆچونی رامیاری یان هەر هۆکارێکی تر جیاکارییان لەنێواندا بکرێت.

٤. مافی نەخۆشە دەم ودەست بەگەیشتنی بۆ نەخۆشخانە یان کلینك چارەسەری پزیشکی بۆ بکرێت. بێگوێدانە ئەنجام و هۆکاری قانونی برینداری یان نەخۆشییەکە، بێ چاوەڕوانی نوسراوی لایەنی بەرپرسی لێکۆڵینەوە. بەلام پێویستە لایەنی پەیوەندیداری لێکۆڵینەوە لەکاتی ئەگەری تاوان لە رووداوەکە ئاگاداربێت.

٥. ئاگادارکردنەوەی ئاماژەپێکراوی برگەی( ٤ )رێگر نییە لە پێدان یا بەردەوام بوونی چارەسەری پزیشکی.

٦. کارمەندێکی تەندروستی یا پەرستارێك یا برینپێچێکی شارەزا دەستنیشان بکرێت بۆ پێشوازی و یاوەری و بەدواداچوونی رەوتی نەخۆشی و چارەسەر و پاشان تۆمارکردنی لە دۆسیەی نەخۆشدا.

٧. ئەبێت گشت زانیارییەك دەربارەی نەخۆشی و رێگەچارەو دەرمان و ماکی دەرمان و نەشتەرگەری بدرێتە نەخۆش.

٨. زانیاری نەخۆشی تەنها ئەدرێتە خودی نەخۆش یان سەرپەرشتیار بۆ ئەو نەخۆشانەی کە لە بەندەکانی (ێ،ب،د)ی برگەی (١٤) مادەی (٣)ی ئەم یاسایەدا هاتوون.

٩. نهێنی نەخۆش ونەخۆشییەکەی بپارێزرێت، بەلام ئەکرێت لەسەر داوای دادگا یان بۆ پێویستی لێکۆڵینەوەی قانونی بدرکێنرێت.

١٠. ناکرێت نەخۆش لە میدیاکاندا پیشان بدرێت، مەگەر بەرەزامەندی خۆی بێت یا خانەوادەی یان سەرپەرشتیاری بۆ نەخۆشەکانی بەندەکانی(ێ،ب،ج)ی برگەی ( ١٤)ی ئاماژە بۆکراو.

١١. لەکاتی پیشاندانی نەخۆش لە میدیاکاندا بەپێی برگەی (١٤)ی ئەم مادەیە، پێویستە بەجۆرێك بێت کەسەکە نەناسرێتەوە.

١٢. بۆ نەخۆش هەیە وێنەیەك لە دۆسیەی نەخۆشییەكەی یا راپۆرتی پزیشكیی تەواو لە پزیشكی چارەساز یا نەخۆشخانە وەربگرێت.

١٣.پێویستە پزیشكی فێركارو خوێندكارانی لەكاتی مەشقی پزیشكی لە نەخۆشخانەكاندا، خۆیان بە نەخۆش بناسێنن و رەچاوی برگەی(٥)ی مادەی(٤) ئەم یاسایە بكەن.

١٤.لەم بارودۆخانەی خوارەوەدا لە باری كتوپڕیدا، پزیشك مافی بڕیاری جۆری چارەسەری ئەم نەخۆشانەی خوارەوەی هەیە بەبێ گەڕانەوە بۆ خانەوادەكەی یان هەر كەس و لایەنێكی تر:

ێ- بێهۆش

ب- بیركۆڵ

ج- بێ كەس

د-نەخۆشی تەمەنی خوار(١٨ساڵ)، كاتێك بڕیاری خانەوادە یان سەرپەرشتیارەكەی لە بەرژەوەندی نەبێت یان رێگر بێت بۆ چارەسەر.

١٥. پزیشكی چارەساز بەردەوام ئەبێت لە چارسەری نەخۆشدا بێگوێدانە رەزامەندی خانەوادە یا هەر كەس ولایەنێكی تر بۆ ئەو نەخۆشانەی لە بەندەكانی برگەی (١٤) ی ئەم مادەیەدا ئاماژەی بۆ كراوە.

هەروەها لە مادەی چوارەمدا هاتووە كە پێویستە لەكاتی بینینی نەخۆشدا ئەم بنەمایانە رەچاو بكرێت:

١. نەخۆش سەربەستە لە قابیل نەبوونی بۆ وەرگرتنی چارەسەرو نەشتەرگەری، تەنیا لەو بارە كتوپڕیانەدا نەبێت كە ژیانی دەخاتە مەترسییەوە.

٢. لەباری كت وپڕی برگەی (١٤)ی مادەی(٣) ی ئەم یاسایەدا پزیشك پاش راوێژی بەپەلە بە لیژنەیەك كە لەسێ كەس كەمتر نەبن لە بواری خۆیدا، بەبڕیارێكی خێرای واژوو كراو چارەسەر دەكات.

٣. ئەگەر پزیشكی چارەساز بینی لیژنەی ئاماژە پێكراوی برگەی (٢) ی ئەم مادەیە، لەشوێن و كاتی پێویستدا كۆ نەكرایەوە یان لە كاتی گونجاودا بڕیاری نەدا، لای خۆیەوە چارەسەر دەكات، پاشان لیژنەكەی لێ ئاگادار دەكاتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی جۆری چارەسەرەكەو بڕیاری نوێ لەو بارەیەوە ئەگەر پێویستی كرد.

٤.نەخۆش ئازادە راوێژ بە پزیشكێكی دیكە بكات، بۆ كێشە تەندروستییەكەی ئەگەر لەگەڵ پزیشكی چارەسازدا نەگەیشتنە چارەسەرێكی گونجاو. لەم بارەدا پێویستە پزیشكی یەكەم راپۆرتی پزیشكی تەواو سەبارەت بە نەخۆشی و بەدواداچوونەكانی بداتە نەخۆش وەك رێنماییەك بۆ پزیشكی دووەم.

٥. نەخۆش بۆی هەیە كەهەر رێگەچارەیەكی دەستنیشانكردن، تەنانەت پشكنینی سەرجێیش رەت بكاتەوە،

٦.نەخۆش ئەنجامی رەت كردنەوەی جۆری پشكنین و چارەسەر لە ئەستۆ دەگرێت، بەڵام ئەم رەتكردنەوەیە رێگر نییە بۆ پزیشك كە بەبۆچوونی پزیشكی خۆی چارەسەری بداتێ.

٧.پزیشك بەتەنیا نەخۆش ئەبینێت و ئەپشكنێت، ئەمەرێگر نییە لە نەخۆش كە یاوەرێكی لەگەڵدابێت.

٨. پزیشك كاتی پێویست ئەدات بە نەخۆش بۆباس و خواسی نە خۆشی و پشكنین

ئەمە جگەلە چەند مادەیەکی دیکە سەبارەت بە مافەکانی ژنی دووگیان، مافی قەرەبۆکردنەوەی هەڵەی پزیشکی و ... هتد

**دووەم:**

لێرەدا لیستی ماف و ئەرکەکانی نەخۆش بەو جۆرەی لە نەخۆشخانەکاندا هەڵواسراوە دەخەینە روو:

مافەکانی نەخۆش

هاولاتی بەڕێز، کاتێك سەردانی هەر دامەزراوەیەکی تەندروستی دەکەیت، تۆ هەڵگری کۆمەڵێك مافیت کە پارێزگاری کردن لێیان ئەرکی ئێمەیە، ئاشنا بوونت بە مافەکانت وەك نەخۆش هاوکاریمان دەکات لەبەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانو دروستکردنی ژینگەیەکی شیاوو رەزامەند بەخش لەپرۆسەی چاکبوونەوەتدا.

١. پاراستنی کەرامەتی نەخۆش:

- چاودێری تەندروستی و وەرگرتنی چارەسەری پێویست مافی تۆیە وەك هاولاتی.. دابین کردنی خزمەتگوزاری پێویست ئەرکی ئێمەیە.
- خزمەتکردنی تۆی هاولاتی ئەرکی ئێمەیە بەدوور لە جیاکاری رەگەزو تەمەنو ئینتیمای کلتوری‌و نەتەوەیی‌و بیرو بۆچوون ولایەنگیری سیاسی.
- لەکاتی روداوی کت وپڕدا لێپرسراوێتی ئێمەیە بەشێوەیەکی پیشەییانەو بە پێوەرێکی بەرز پارێزگاری لەژیانی تۆی هاولاتی بکەین.
- وەك مرۆڤ پێویستە رێز لەکەسایەتیت بگیرێت، تکایە رێز لەستافی دامەزراوەکەمان بگرەو بێڕێزی لەکەس قبولْ مەکە.
- ئێمە بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵە لەگەڵ ئێوە دەکەین.
- سەلامەتی جەستەیی ودەرونی و رۆحی تۆ ئامانجی ئێمەیە، هاوکارمان بە تابتوانین خزمەتت بکەین.
- گۆڕینی پزیشك مافێکی سەرەتایی تۆی نەخۆشەو نابێت بەو هۆیەوە کەمتەرخەمی بەرامبەرت بکرێت، یان سزا بدرێیت.
- پشتیوانی خێزان وکۆمەڵگا لە تۆی نەخۆش مافێکی بنەڕەتییە، بێبەش کردنت لەم پشتیوانییە کاری ئێمە نییە.

٢. مافی نەخۆش بۆ بەدەستهێنانی زانیاری:

- مافی خۆتە زانیاریت هەبێت لەسەر خزمەتگوزارییە بەردەستەکان تابتوانیت لەبەکارهێنانیان سوودمەند بیت.
- مافی خۆتە زانیاریت هەبێت لەسەر باری تەندروستیتو جۆری نەخۆشییەکەتو پرۆسەی چاکبوونەوەت، تکایە دوو دڵ مەبە لە پرسیار کردن وداوای رون کردنەوەی بکە.

- دەتوانیت داوا بکەیت زانیاری لەسەر تەندروستیت بەبێ رەزامەندی خۆت بەهیچ کەس نەدرێت.
- پرسیار کردنت لەسەر باری تەندروستیت و پرۆسەی چارەسەرکردنت هەم مافەو هەم لێپرسراوێتی ، دوو دڵ مەبەو پرسیار بکە.
- وەرگرتنی زانیاری تۆمارکراو دەربارەی تەندروستیت مافی خۆتە لەکاتی پێویستدا دەتوانیت داوا بکەیت.

٣. پاراستنی تایبەتمەندییەکانی نەخۆش:

- پارێزگاری لە تایبەتمەندێتییەکانت وەك نەخۆش مافێکی سەرەتایی تۆیە.
- پاراستنی زانیارییە نهێنییەکان ئەرك ئێمەیە، بەبێ رەزامەندی تۆ زانیاری بەهیچ کەس نادەین.
- دابینکردنی شوێنی شیاو بۆ پشکنینت و پارێزگاری کردن لە تایبەتمەندییەکانت مافی تۆیەو هێندە لە توانای ئێمەدا هەبێت پارێزگاری لە پاراستنی ئەو مافە دەکەین.

٤. وەرگرتنی رەزامەندی نەخۆش :

- وەرگرتنی رەزامەندیت لە پرۆسەی چارەسەرکردنتدا مافێکی بنەڕەتی تۆیە
- مافی تۆیە فۆرمی رەزامەندی نەشتەرگەری پڕبکەیتەوە بەر لەئەنجامدانی.
- زانینی شوناسی ستافی تەندروستی و رۆڵیان لەپرۆسەی چارەسەرکردندا، مافی تۆیە، دوو دڵ مەبە لە پرسیار کردن.
- تۆ ئازادیت لە بەشداری پێکردنت یا بەشدارنەبوونت لەهەر توێژینەوەیەکی زانستیدا

**سێیەم : ئەرکەکانی نەخۆش**

لێرەدا ئەرکەکان یا لێپرسراوێتی نەخۆش بەو شێوەیەی کە لەنەخۆشخانەکاندا هەڵواسراون دەخەینە روو:

هاوڵاتی بەڕیز، لە کاتی سەردانت بۆ دامەزراوە تەندروستییەکان کۆمەڵێك لێپرسراوێتی دەکەوێتە سەشانت. پابەدبوونت پێیانەوە نیشانەی رێز گرتنە لەخۆت و لەو دامەزراوەیەی خزمەتگوزاریت پێشکەش دەکات.

لێپرسراوێتییەکان:

- پاکژ راگرتنی دەزگا تەندروستییەکان دەتپارێزێت لە نەخۆشییە گوازراوەکان وپرۆسەی چاکبوونەوەت خێراتر دەکات
- هاوکاری تۆ لەپێدانی زانیاری راست دەربارەی نەخۆشییەکەت لە چارەسەر نزیکت دەخاتەوە.
- تێگەیشتنت لە نەخۆشییەکەت و پەیوەستبوونت بە رێنماییەکانەوە چارەسەر کردنت ئاسانتر دەکات
- پاراستنی هێمنی نەخۆشخانەو جگەرە نەکێشان لێپرسراوێتی هەموومانە.
- لێپرسراوێتی جێبەجێ نەکردنی رێنماییە پزیشکییەکان لە ئەستۆی تۆدایە.
- ئێمە لێرەین بۆ خزمەتی ئێوە، بەڵام بێڕیزکردن بەرامبەر ستافی دامەزراوەکەمان رووبەرووی لێپێچینەوەی یاسایی دەکاتەوە.

# بەشی چوارەم

# ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو دەرەنجامەکانی

## ئەنجامەکان

## دەرەنجامەکان

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو دەرەنجامەکانی

### ئەنجامەکان

لە راپرسییەکەدا ٣٠٠ فۆرم بەسەر سێ نەخۆشخانەدا دابەشکران بەم جۆرە ١٠٠ فۆرم بەسەر نەخۆشخانەی منداڵبوون، ١٠٠ فۆرم بەسەر نەخۆشخانەی فێرکاریی هەناوی و بەشی دەروونی، ١٠٠فۆرم بەسەر نەخۆشخانەی فێرکاریی سلێمانیو نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی. فۆرمەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی(عشوائی) دابەشکران.

ڕێژەی بەشداری رەگەزیی و تەمەنی ئەو کەسانەی راپرسییان لەتەکدا کرابوو لە نەخۆشخانەی فێرکاری و فریاکەوتنی سلێمانی بەم جۆرە بوو:

نەخۆشخانەی فێرکاری

| | تەمەن | نێر | مێ |
|---|---|---|---|
| ١ | 15 ـ 24 ساڵ | 21 | 9 |
| ٢ | 25 ـ 34 ساڵ | 12 | 6 |
| ٣ | 35 ـ 44 ساڵ | 5 | 9 |
| ٤ | 45 ـ 54 ساڵ | 9 | 3 |
| ٥ | 55 ـ 64 ساڵ | 1 | 9 |
| ٦ | 65 زیاتر | 8 | 5 |
| ٧ | بێ وەڵام | 1 | 2 |
| | | 57 | 43 |

ڕێژەی بەشداری ڕەگەزیی و تەمەنی ئەو کەسانەی ڕاپرسییان لەتەکدا کرابوو لە نەخۆشخانەی هەناوی سلێمانی و بەشی دەرونیش بەم جۆرە بوو

| | تەمەن | نێر | مێ |
|---|---|---|---|
| ١ | 15 ـ 24 ساڵ | 3 | 7 |
| ٢ | 25 ـ 34 ساڵ | 4 | 8 |
| ٣ | 35 ـ 44 ساڵ | 8 | 11 |
| ٤ | 45 ـ 54 ساڵ | 8 | 15 |
| ٥ | 55 ـ 64 ساڵ | 10 | 9 |
| ٦ | 65 زیاتر | 10 | 7 |
| ٧ | بێ وەڵام | | |
| | | 43 | 57 |

نەخۆشخانەی مناڵبوون

| | تەمەن | |
|---|---|---|
| ١ | 15 ـ 24 | 26 |
| ٢ | 25 ـ 34 | 39 |
| ٣ | 35 ـ 44 | 27 |
| ٤ | 45 ـ 54 | 2 |
| ٥ | 55 ـ 64 | 5 |
| ٦ | 65 زیاتر | / |
| ٧ | بێ وەڵام | 1 |

بەوەشدا کە نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی منالّبوون هەموویان لەرەگەزی مێیەن بەم جۆرە رێژەی ئەو ژنانەی راپرسییان لە تەکدا ئەنجام دراوە دەبێتە( 200 )کەس و پیاوەکانیش 100، بەمەش کۆی بەشداربووان دەکاتە (300) کەس.

بۆ ئەوەی بزانین کە ئایا شوێنی نێشتەجیّ بوون رۆڵی هەیە لە رادەی ئاشنایی هاوڵاتی بە مافەکانی نەخۆش، شوێنی نیشتەجیّ بوونمان کردووە بە دوو بەشەوە **یەکەم/** ناو شار . **دووەم/** دەرەوەی شار.

ئەنجامەکەش ئەوە بوو کە( 166) کەسیان دانیشتووی ناو شاری سلێمانی بوون و (134) نەخۆشیش دانیشتووی دەرەوەی شار بوون. لەو (166) کەسەش (37) نەخۆش زانیاریان هەیە سەبارەت بەمافەکانی نەخۆش کە دەکاتە( 22٪ )بەلاّم لە ( 134) نەخۆشەکەی دەرەوەی شار( 18 ) کەسیان زانیاریان هەیە دەربارەی ماف نەخۆش کە دەکاتە(13٪). ئەمەش جیاوازییەکی زۆر نییە بەتایبەت ئەگەر سەرنج بدەین چ لەناو شارو چ لەدەرەوەی شارو هەموو ئەوانەی هەم بەبەڵیّ و هەم بە تارادەیەك زانیاریان هەیە دەبینین راگەیاندن هۆکاری یەکەمە بۆ سەرچاوەی زانینەکەیان، بۆ نمونە ئەوانەی لەناو شار زانیاریان هەیە (37) کەسن (18) کەس لەوانە بەهۆی راگەیاندنەوە بووە، هەروەها ئەوانەی تارادەیەك زانیاریان هەیە (61) کەسن کە (9) کەسیان بەهۆی راگەیاندنەوە بووە. بەهەمان شێوەش ئەوانەی لەدەرەوەی شار نیشتەجێنو زانیاریان هەیە لەبارەی ماف نەخۆشەوە (18) کەسە لەو رێژەیە (5) کەسیان بەهۆی راگەیاندنەوە بووە، هەروەها ئەوانەش لەدەرەوەی شار تارادەیەك زانیاریان هەیە (38) نەخۆشە کە (9) کەسیان لەرێگەی راگەیاندنەوە تارادەیەك زانیاریان هەیە.

دیارە ئاستی خوێندەواریش رۆڵی هەیە لە دیاریکردنی وشیاری تاك سەبارەت بە ماف نەخۆش، لە راپرسییەکەدا پرسیار لە ئاست و پلەکانی خوێندەواری بەشداربووان کراوە.

بۆ نمونە تەنها لە نەخۆشخانەی منالّبوونی سلێمانی (٢٧٪)ی نەخۆشەکان نەخوێندەوار بوون، هەروەك (٣٤٪) نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی فێرکاری و (٤٦٪) نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی هەناوی فێرکاری. ئەمەش دەگاتە تێکرِایی (٣٥،٦٪) ی ئەو کەسانەی راپرسییان لەتەکدا کراوە نەخوێندەوارن. (٢٦ ٪)یش لە ئاستی سەرەتاییدان، دیارە پلەی سەرەتاییش نزمترین ئاستی خوێندنەو وەك توێژەر لە کاتی ئەنجامدانی راپرسییەکەیدا بەدی کرد زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەپلەی سەرەتایی خوێندندا بوون نەیاندەتوانی خۆیان بەئاسانی وەڵامی فۆرمەکان بدەنەوەو پرِیان بکەنەوەو ئەمەش کاریگەریی نەرێنی(سلبی) دەبێت بۆ توانایی دەسترِاگەیشتنیان بە هۆیەکانی وەرگرتنی زانیاری لەسەر مافەکانی نەخۆش.

١/ نەخۆشخانەی منداڵبوون

| | ئاستی خوێندەواری | |
|---|---|---|
| 27 | نەخوێندەوار | 1_4 |
| 26 | سەرەتایی | 2_4 |
| 16 | ناوەندی | 3_4 |
| 13 | ئامادەیی | 4_4 |
| 13 | پەیمانگا | 5_4 |
| 5 | زانکۆ | 6_4 |
| | | بێ وەڵام |
| 100 | | |

٢/ نەخۆشخانەی فێرکاری

| مێ | نێر | |
|---|---|---|
| 17 | 17 | 1_4 |
| 13 | 18 | 2_4 |
| 3 | 6 | 3_4 |
| 5 | 10 | 4_4 |
| 2 | 1 | 5_4 |
| 2 | 3 | 6_4 |
| | 3 | بێ وەڵام |
| 42 | 58 | |

٣/ نەخۆشخانەی هەناویی  فێرکاری

| | نێر | مێ |
|---|---|---|
| 1_4 | 15 | 31 |
| 2_4 | 14 | 16 |
| 3_4 | 5 | 4 |
| 4_4 | 4 | 5 |
| 5_4 | 3 | 1 |
| 6_4 | | 1 |
| بێ وەڵام | 1 | |
| | 42 | 58 |

سەبارەت بەو پرسیارەی ( ئایا زانیاریت لەسەر مافەکانی نەخۆش هەیە؟) وەڵامەکە بەم جۆرە بوو:
(58) کەس بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوە کەبە رێژەی سەدی دەکاتە (19,3٪) ، (101) کەسیش بە تارادەیەک وەڵامیان داوەتەوە کە دەکاتە (33,6٪) و (137) کەسیش بە نەخێر کە دەکاتە (45,6٪) ، (٤) نەخۆشیش وەڵامی ئەو پرسیارەیان نەداوەتەوە کە دەکاتە (١،٣٪).

نەخۆشخانەی منداڵبوون

| | |
|---|---|
| 1_5 بەڵێ | 15 |
| 2_5 تارادەیەک | 34 |
| 3_5 نەخێر | 51 |

نەخۆشخانەی فێرکاری

| مێ | نێر | |
|---|---|---|
| 7 | 15 | **1-5** |
| 19 | 21 | 2-5 |
| 16 | 18 | 3-5 |
| 2 | 2 | بێ وەڵام |

نەخۆشخانەی هەناوی فێرکاری

| مێ | نێر | |
|---|---|---|
| ١١ | ١٠ | **1-5** |
| 19 | ٨ | 2-5 |
| 27 | ٢٥ | 3-5 |

سەبارەت بەو سەرچاوەیەی کە هاوڵاتییەکە زانیاریی سەبارەت بە مافی نەخۆش لێ بەدەستهێناوە هەندێك لە نەخۆشەکان زیاتر لە بژاردەیەکیان دیاریکردووە. وەڵامی (٤٣) کەس بەهۆی راگەیاندنەوە بووە (٢٧) کەسیان ژن بوون و (١٦) کەسیش پیاو بووە. (٢٤) کەسیش بەهۆی دام ودەزگای فەرمییەوە بووە (١٦) کەسیان ژن و (٨) کەسیان پیاو بوون. (22) کەسیش بەهۆی کۆمەڵگەوە بووە کە (16) کەسیان ژن بوون و (6) کەسیش پیاو بووەو( 22 )کەسیش (هۆکاری دیکە)ی دیاری کردووە وەك سەرچاوەی بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بەمافی نەخۆش.لێرەدا بەگشتی دەردەکەوێت کە مێینەو نێرینە بەنزیکی وەك یەك سوودمەند بوون لە سەرچاوەکانی وەرگرتنی زانیاری. ( 188 ) کەسیش وەڵامی ئەو بژاردەیەیان نەداوەتەوە، دیارە ئەم ژمارەیە ئەو کەسانەش دەگرێتەوەکە زانیاریان لەبارەی مافی نەخۆشەوە نییە.

دەربارەی چۆنێتی پێشوازی کردنی ستافی تەندروستی راپرسییەکە دەریخستووە کە (224) نەخۆش شێوەی پێشوازی کردنەکەیان پێ باش بووە ئەمەش دەکاتە (74،6٪) . بەڵام تەنها (12) کەس شێوەی پێشوازی کردنەکەیان بەلاوە خراپ بووە کە دەکاتە (4٪)، لە کۆی ئەو کەسانەی راپرسییەکەیان لەتەکداکراوە (60) کەسیان شێوازی پێشوازییەکەیان بەلاوە ئاسایی بووە کە ئەمیش دەکاتە (20٪) دوو کەسیش وەڵامی ئەو پرسیارەیان نەداوەتەوە کە دەکاتە (0,6٪)

دەربارەی ماوەی پشكنینی نەخۆش لەلایەن پزیشكەوە (148) نەخۆش كە دەكاتە (49,3٪) گوتوویانە ماوەكەی زیاتر لە (10) خولەكی خایاندووەو (90) نەخۆشیش كە دەكاتە (30٪) گوتویانە كەمی خایاندوووە واتە (5) خولەك یا زیاتر، (43) نەخۆشیش كە دەكاتە (14,3٪) وەڵامیان داوەتەوە زۆر كەمی خایاندووە، واتە تەنها چەند پرسیارێكی كردووە، (4) نەخۆشیش گوتوویانە كە هەر گوێی لینەگرتووین كە دەكاتە (1،3٪). (15) كەسیش بێ وەڵام بوون كە دەكاتە (5٪).

نەخۆشخانەی منداڵ بوون

| | |
|---|---|
| 1ـ 9 | ٤٣ |
| .2ـ 9 | ٢٨ |
| 3ـ 9 | ٢٥ |
| 4ـ 9 | |
| بێ وەڵام | ٤ |

نەخۆشخانەی فێركاری

| | |
|---|---|
| 1ـ 9 | ٤٩ |
| .2ـ 9 | ٣٢ |
| 3ـ 9 | ٩ |
| 4ـ 9 | ٣ |
| بێ وەڵام | ٧ |

نەخۆشخانەی هەناوی فێركاری

| | |
|---|---|
| 1ـ 9 | ٥٦ |
| .2ـ 9 | ٣٠ |
| 3ـ 9 | ٩ |
| 4ـ 9 | ١ |
| بێ وەڵام | ٤ |

دەربارەی ئەو پرسیارەی کە ئایا کاتێك پزیشك پشکنینی بۆ کردیت کەسی دیکەی لێ بوو؟

(138)کەس بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوە کە دەکاتە (46٪)، (140) نەخۆشیش بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە کە دەکاتە (46,6٪) و(22) نەخۆشیش وەڵامیان نەداوەتەوە کە دەکاتە( 7٪).

سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەو پزیشك و کارمەندانەی چارەسەریان کردووە خۆیان بە نەخۆش ناساندووە؟

(62) نەخۆش گوتویانە بەڵی کە دەکاتە (20،6٪) . بەڵام (216) نەخۆش گوتویانە نەخێر کە دەکاتە (72٪) . (22) نەخۆشیش کە دەکاتە 7،3٪ وەڵامیان نەداوەتەوە.

دەربارەی ئەوەی کە تاچەند ئازاد بوون لەوەی لەگەڵ پزیشکەکەدا لەبارەی نەخۆشییەکەیانەوە قسەبکەن (219) کەس گوتوویانە تارادەیەکی باش، ئەم ڕێژەیەش دەکاتە (73٪). (53) نەخۆشیش گوتویانە کەمێك ئازاد بووم ئەمەش دەکاتە (17،6٪) . بەڵام (15) نەخۆش گوتویانە هیچ ئازاد نەبووم ئەم ڕێژەیەش دەکاتە (5٪).

سەبارەت بە گۆڕینی پزیشکی چارەساز لەلایەن نەخۆشەوە (مەبەست لەنەخۆشخانەکانە نەك عیادە) (26) نەخۆش وەڵامیان بەبەڵێ داوەتەوە کە دەکاتە (8،6٪) و(247) نەخۆشیش بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە کە دەکاتە (82،3٪)، (27) نەخۆشیش کە دەکاتە (9٪) وەڵامیان نەداوەتەوە.

دەربارەی پرسیاری ئەوەی ئایا ڕازیت لەو کارانەی کە بۆت کراون؟ (198) کەس بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوە کە دەکاتە (66٪)و (73) کەسیش تارادەیەك ڕازین کە دەکاتە (24,3٪) و (15) کەسیش نارازین لەو کارانەی بۆیان کراوە کەدەکاتە 5٪.

دەربارەی ئەوەی گلەییو ڕەخنەیان لە چی هەیە (39) نەخۆش کە دەکاتە (13٪) گلەییان لە پۆلیسی بەردەرگا هەیە. (32) کەسیش کە دەکاتە( 10،6٪ ) گلەییو ڕەخنەیان لە مامەڵەی پزیشكو کارمەند هەیە.

دەربارەی ڕادەی متمانەی نەخۆشەکان بەو چارەسەرییانەی بۆی ئەنجام دراون (194) نەخۆش کەدەکاتە (64،6٪) متمانەیان هەبووە، (84) کەسیش کەدەکاتە (28٪) تاردەیەك متمانەیان هەیەو (12) نەخۆشیش کە دەکاتە (4٪) متمانەیان بەو چارەسەرییانە نیە کە بۆیان کراوە. (10) نەخۆشیش کە دەکاتە (3،3٪) وەلامیان نەداوەتەوە.

## دەرەنجامەکان

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە لەو گریمانەیەوە بوو کە هاوڵاتیان بە گشتیو نەخۆشەکان بە تایبەت وشیارییان نییە سەبارەت بە مافەکانی نەخۆشو بەم پێیە دەرەنجامی گریمانەکەش پێشێلکردنی مافەکانی نەخۆش دەبێت لەنێو سیستمی تەندروستیدا. ئەگەر کەمێك زیاتر ئەو خشتەو زانیارییانە شی بکەینەوە ئەوا دەرەنجامەکان روون دەبنەوە.

**یەکەم:**

**ئایا نەخۆشەکان زانیارییان هەیە دەربارەی مافەکانیان؟**

1. ئەمە پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بوو، وەڵامەکەش ئەوەبوو کە (137) کەسیش بەنەخێر وەڵامیان داوەتەوە، ئەمەش دەکاتە (45,6٪)ی ئەوانەی راپرسییان لەگەڵدا ئەنجامدراوە زانیاریان لەبارەی ماف نەخۆشەوە نەبوو. بەپێ ئەو توێژینەوەیەی لە لایەن (تنجلی مۆنگۆ) و هاورێکانی کراوە لە کۆی (317) نەخۆش کە لە نەخۆشخانە چارەسەر کراون (63٪) یان بێئاگان لە مافەکانی خۆیان وەك نەخۆش [1] و بە پێی توێژینەوەکەی (مالی شاخی) کە لە ئێران ئەنجامدراوە (86.6) ی نەخۆشەکان بە تەواوی ئاگاداری مافەکانیان نین [2]
2. ئەو نەخۆشانەی لە پرسیاری پێنجەمدا گوتوویانە تارادەیەك زانیاریان هەیە ژمارەیان (101) نەخۆشە. لەپرسیاری شەشەمدا، کە پەیوەستە بە پرسیاری پێنجەمەوەو دەڵێت زانیاریت لەبارەی ماف نەخۆشەوە لەکوێ دەست کەوتووە، ( 44 )نەخۆش لەو ( 101 ) نەخۆشە واتە ( 43,5٪ وەڵامی ئەو پرسیارەیان نەداوەتەوە، واتە نزیکەی نیوەی ئەوانەی گوتوویانە تارادەیەك زانیاریمان لەبارەی مافەکانی نەخۆشەوە هەیە، نەیان گوتوە ئەو زانیارییەمان لە کوێ بەدەست هێناوە.
3. ئەگەر خوێندەواریو هەبوونی بڕوانامە هۆکارێك بن بۆ بەدەستهێنانی وشیاریوئاشنا بوونی تاك سەبارەت بەمافەکانی بەگشتیو مافەکانی نەخۆش بەتایبەتی ئەوا رەنگە وەڵامی ئەرێنی نیوەی ئەو کەسانەی کە دەڵێن زانیاریمان هەیە دروست نەبێت، چونکە لە( 58 )نەخۆش کە بەبەڵێ وەڵامی ئەوەیان داوەتەوە کە زانیاریان هەیە (16)نەخۆشیان نەخوێندەوارن (13) نەخۆشیش خوێندنی سەرەتاییان هەیە ئەمەش دەکاتە نیوەی ئەو کەسانەی بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوە.

---

1. Tengilimoglu D, Kisa A, Dziegielewski SF What patients know about their rights in Turkey. J Health Soc Policy. 2000;12(1):53-69.
2. Malekshahi, F. (2008a). A survey to respect patient's rights and privacy and physical & emotional area by nurses in Khoramabad Shohada Hospital. *Abstracts of the second international conference on Iran medical ethics, Tehran University of Medical Science*, 55-56. Retrieved November 10, 2009 from: http://fnm.tums.ac.ir/userfiles/NursingEthics/AbstractsOfThe2thInternationalConferenceOfIranianMedicalEthics.pdf

**دووەم:**

**ئایا نەخۆشەکان مافیان پارێزراوە؟**

ئەمەش لە چەند وەڵامێکدا روون دەبێتەوە:

1. لەوەڵامی پرسیاری (9) کە دەڵێت ماوەی پشکنینی(فحص)ی پزیشك چەندی خایاند (137) نەخۆش ئەم وەڵامانەیان هەڵبژاردووە: { 9 ـ2. کەمی خایاند(زیاتر لە پێنج خولەك) 9 ـ3. زۆرکەمی خایاند(تەنها چەند پرسیارێکی کرد 9 ـ4. گوێی لێنەگرتم} واتە(45,6٪) ی نەخۆشەکان کەمتر لە (10) خولەك پشکنینیان بۆ کراوە.

2. لەوەڵامی پرسیاری (10) کە دەڵێت کاتێك پزیشك پشکنینی بۆ کردیت، لەشوێنی پشکنینەکە کەسی دیکەی لێبوو،ئەمەش پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بەپاراستنی نهێنییەکانی نەخۆشەوە. (138) نەخۆش گوتوویانە بەڵێ کە دەکاتە (46٪) ، ئەمەش واتە نزیکەی نیوەی نەخۆشەکان نهێنییەکانیان لەلایەن پزیشکەوە پارێزراو نییە.

3. لەپرسیاری (11)دا کە دەڵێت ئایا ئەو پزیشکو کارمەندانەی کە چارەسەریان بۆ کردیت خۆیان پێناساندیت؟ (216) واتە (72٪)ی نەخۆش وەڵامیان داوەتەوە بە نەخێر . واتە ئەو رێژەیە لە نەخۆشەکان بێبەش بوون لەو خاڵەی کەلە لیستی ماف و ئەرکەکانی نەخۆش کە لە نەخۆشخانەکاندا هەڵواسراوەو دەڵێت:( زانینی شوناسی ستاف تەندروستی و رۆڵیان لەپرۆسەی چارەسەرکردندا، مافی تۆیە، دوو دڵ مەبە لە پرسیار کردن.) ئەمەش زۆر نزیکە لە ئەنجامی توێژینەوەکەی (کۆزۆ) و هاوەڵەکانی کە (75.3) کارمەندانی تەندروستی خۆیان بە نەخۆش نەناساندوە.[1]

خۆ ئەگەر بگووترێت کە پزیشکو کارمەندەکان باجیان هەڵواسیوەو ناوو پسپۆریی کەسەکەی تیانووسراوە، ئەوا بەو پێیەی کەدەشێت بەشێك لەنەخۆشەکان نەخوێندەواربن ئەوا ناتوانن پزیشکو کارمەندنەکە بناسن. وەك لە راپرسییەکەشدا دەرکەوتووە (107) نەخۆش کە دەکاتە (35٪) نەخوێندەوارن، ئەمەش رێگر دەبێت لەوەی بتوانن شوناسی ستاف تەندروستی بزانن.

---

.1 .Kuzu N, Ergin A, Zencir M Patients' awareness of their rights in a developing country. Public Health. 2006 Apr;120(4):290-6. Epub 2006 Feb 14.

**سێیەم:**

**نەخۆشەکان تاچەندە لە سیستمەکەو لە کارانەی بۆیان ئەنجام دراوە رازین؟**

ئەگەرچی (198) کەس بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوە کە دەکاتە (66٪)، بەڵام لەو (198) نەخۆشە (103) کەسیان زانیارییان نییە لەبارەی مافەکانی نەخۆشەوە، ئەمەش دەکاتە نزیکەی 52٪ی ئەو کەسانەی رازین لەو کارانەی بۆیان ئەنجام دراوە، بێ زانیارین لەبارەی مافی نەخۆشەوە، ئەمەش نیشانەیەکی پرسیار لەسەر چۆنییەتیو چییەتی ئەو رازی بوونەیان دادەنێت.چونکە وشیار بوونی تاك سەبارەت بەمافەکانی بنەمایەکە بۆ ئەوەی ئاستی پارێزراوی یا پێشێلکرانی مافەکانی پێ هەڵبسەنگێنێت. ئەگەرچی ئەگەری ئەوەش هەیە کە مافی نەخۆش پارێزراو بێتو لەهەمان کاتدا نەخۆش رازی نەبێت لە سیستمەکە، یان بە پێچەوانەوە.

# بەشی پێنجەم

# راسپاردەو پێشنیازەکان

# راسپاردەو پێشنیازەکان

لەبەر ڕۆشنایی دەرەنجامەکان ئەم راسپاردەو پێشنیارانە دەخەینە روو:

**راسپاردە:**

1.وشیارکردنەوەی هاوڵاتیان سەبارەت بەماف و بەرپرسیارێتییەکانی نەخۆش، لەرێگەی هۆکانی راگەیاندنەوە بیستراو و بینراو خوێندراو و کۆڕوسیمینارەوە.

2. کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ سەرجەم ئەوانەی لە بواری تەندروستی کاردەکەن (لە پۆلیس و کارمەندانی پرسگەکانەوە تا کارمەندانی تەندروستی و پزیشکەکان بە هەموو ئاستەکانیانەوە، هەروەها ئەو کرێکارانەی لە کۆمپانیاکانی نێو نەخۆشخانەکاندا کاردەکەن) سەبارەت بەماف و بەرپرسیارێتییەکانی نەخۆش.

3. دروست کردنی سەنتەر لەناو فەرمانگەکانی تەندروستیدا کە تایبەت بێت بە چاودێریکردن و بەدواداچوونی رەوشی مافی نەخۆش لە نێو نەخۆشخانەکان و بەدواداچوونی سکاڵای هاوڵاتیان لەو بارەیەوە.

4. تەرخان کردنی کاتی زیاتر لەلایەن پزیشك و کارمەندەکانەوە بۆ نەخۆش، بۆ زانینی رای نەخۆشەکان سەبارەت بەدیاردەو رەفتارە باش و خراپەکانی نێو نەخۆشخانەکان.

5. گشتاندنی نوسینی لیستی ماف و بەرپرسیارێتییەکانی نەخۆش لەسەر فایلی نەخۆشەکان.

6. دروستکردنی چارتێك لەسەر فایلی نەخۆش بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو خزمەتگوزارییەی پێشکەش بە نەخۆش دەکرێت و لەلایەن نەخۆش یا هاوەڵەکەیەوە پڕبکرێتەوە. مانگانە یان سالانە بەپێی ئەو ئەنجامانە توێژینەوە لەو بارەیەوە بکرێت.

7. کردنەوەی شوێنی حەوانەوە بۆ نەخۆش و هاوەڵەکەی لەکاتی مانەوە لەنەخۆشخانەو کاتی چاوەڕێ کردن وەك کافیتریاو شوێنی چاوەڕێ کردن.

## پێشنیازەکان:

1. ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەسیستمی تەندروستیدا بە جۆرێك کە نەخۆش پێگەیەکی ناوەندی هەبێتو نەخۆش هەست بە هێزی کەسێتیو کەرامەتی بکات.

2. جیاکردنەوەی تەواوی کەرتی تایبەتو کەرتی گشتی لە نێو سیستمی تەندروستیدا، لەسەرئەو بنەمایەی کە بەرژەوەندی نەخۆشو لایەنە مرۆییەکەی پیشەی پزیشکیو خزمەتگوزاری تەندروستی بخرێتە پێش قازانجو بەرژەوەندی تایبەتییەوە.

3. ئەنجامدانی توێژینەوەلەنێو هاوڵاتیاندا سەبارەت بەمافەکانی نەخۆش لەسەر ئاستی کوردستاندا.

4.ئەنجامدانی توێژینەوەلەنێو نەخۆشخانەو دامەزراوە تەندروستییەکاندا بۆ زانینی رادەی وشیاری کارمەندو ئەوانەی لە بواری خزمەتگوزاری تەندروستیدا کاردەکەن، سەبارەت بەمافەکانی نەخۆش.

5. هەوڵدان لەگەڵ پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا، لەلایەن وەزارەتی تەندروستیو فەرمانگەکانی تەندروستییەوە، بۆ ئەوەی پرۆژە یاسای مافی نەخۆش پەسەند بکرێتو بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە ئەمە هێزێکی یاسایی دەداتە پێگەو دۆخی نەخۆش لە ناو کایە فەرمییەکاندا بەتایبەت لەکایەی تەندروستیدا.

6. جێکردنەوەی وانەیەکی تایبەت بە وشیاری تەندروستی لەپرۆگرامەکانی خوێندندا بە تایبەت لە قۆناغی ئامادەیی کە مافەکانی نەخۆشو رەفتارو کەلتوری تەندروستی بگرێتە خۆی.

7.زیادکردنی ژمارەی پزیشکەکان لەژووری بینینی نەخۆش بۆ ئەوەی ماوەی تەواو هەبێت هەم بۆ پرسیارکردن لەنەخۆشو هەم بۆ نوسینی زانیارییەکانی نەخۆشەکە لەسەر فایلی نەخۆش، ئەگەر ئەمەش ئیمکانی نەبێت، ئەوا پێشنیاز دەکەین کە پزیشك بەشێك لە زانیارییەکانی فایلەکە پڕ بکاتەوەو بەشەکانی دیکەش کارمەندی تەندروستی هەریەکەو بەپێی پسپۆڕیەکانیان پڕی بکەنەوە، وەك ئەوەی لەنەخۆشخانەی سۆزی دەروونی پەیڕەوی لێدەکرێت.

8.پێکهێنانی گروپی داکۆکیکردن لە نەخۆش لەلایەن چالاکوانانو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو سەندیکاکانەوە، هەروەها بەشداریکردنی ئەو گروپانە لە داڕشتنی یاسای تایبەت بە مافو ئەرکەکانی نەخۆش لە کوردستاندا بۆ ئەوەی ئەو خاڵانەی کە دادەنرێن قابیلی جێبەجێکردن بن.

9. دانان یا بەهێز کردنی سیستمی زانیاری تەندروستی  و ئەم سیستمە داتاو زانیاری تەواوی  لەبەردەستدا هەبێت  تا بتوانرێت شیکاریی لەسەر بکرێت.

## سەرچاوەکان

### یەکەم : سەرچاوە کوردییەکان


1. پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان–عێراق. پەرلەمانی کوردستان – عێراق .

2. پرۆژە یاسای مافی نەخۆش ـ پەرلەمانی کوردستان – عێراق .

3. حاجی زادە، یاسین و زاهیر محمەدی، فەرهەنگی سیاسی ئارەش، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر، ٢٠٠٦.

4. حبیب، بەدران ئەحمەد، فەرهەنگی زاراوە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٢.

5. شەریفی، فەرشید، فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفەو زانستە کۆمەڵایەتییەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٧،لاپەڕە٣٣٠

6. کۆمەڵێك نووسەری نەرویجی، کورتە باسێك سەبارەت بەمافەکانی مرۆڤ، وەرگێڕانی ئیبراهیم ساڵحی راد،هەولێر، چ١ ٢٠١١

7. موکریانی، هەژار، هەنبانە بۆرینە ، فەرهەنگی کوردی فارسی، ٧٩٣، انتشارات صداوسیمای جمهوری اسلامی ایران

8. نیزامەدین، فازل ، فەرهەنگی شیرین عەرەبی – کوردی، چاپخانەی شڤان، چاپی چوارەم،سلێمانی ٢٠٠٧،

## دووەم: سەرچاوە بیانییەکان


1. الاعرجي ، د. زهير ، النظام الصحي و السياسة الطبية في الاسلام
2. الحسيناوي،د. جابر مهنا، المجموعة الكاملة للتشريعات الصحية ،مركز الطباعة و النشر العلمي، بغداد، العراق،الطبعة الاولي،
3. دستور العراق الدائم
4. الدليمي ، د. حافظ علوان حمادي ، حقوق الانسان، بغداد،٢٠٠٨،
5. الرازي، ابوبكر ، اخلاق الطبيب، تقديم وتحقيق، دكتور عبداللطيف محمد العبد، القاهرة، مكتبة دار التراث، ط١ ١٩٧٧،
6. صبري ، د. بلقاسم ، الدور الستراتيجي لوزارات الصحة في تطوير النظم الصحية وتحسين ادائها ص٣ http://unpan1.un.org/intradoc/groups/public
7. عالم ، عبدالرحمن ، بنيادهای علم سیاست،تهران نشرنی، چاپ دهم، ١٣٨٢،
8. العاني، د. حسان محمد شفيق، الانظمة السياسية و الدستورية المقارنة، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٩
9. الكيالى، د.عبدالوهاب ، موسوعه السياسه. المؤسسه العربيه للدراسات و النشر، دارالهدى للنشر والتوزيع، الجزو اليانى، ص، ٥٥٣
10. مجلس النواب العراقي ، السلوك الطبي و اداب مهنة الطب، ، لا ٤٨
11. محمود، د. حافظ ابراهيم، علم الامراض العام، الموصل ١٩٨١،
12. المرزوقي، د منصف حق الصحة بين الواقع والنظرية الناشر المؤسسة العربية الأوربية للنشراللجنة العربية لحقوق الإنسان منشورات أوراب Editions Eurabe
13. المليجي ، د. ابراهيم عبدالهادي محمد ، الرعاية الطبية و التأهيلية من منظور الخدمة الاجتماعية، سلسلة جدران المعرفة.
14. هیوود، ئەندرۆ ،سیاست، ترجمه عبدالرحمن عالم، نشرنی چاپ دوم، تهران، ١٣٩١
15. الوقائع العراقيه العدد ٢٨٤٥، ١٩٨١/٨/١٧


## سێیەم وتارەکان:


1. بولار، مارتين ،كيف تعمل الأنظمة الصحّية عبر العالم؟ لۆمۆندی عەرەبی http://www.mondiploar.com

2. حسين ، يسري ،بريطانيا الكشف الطبي بالمجان وكل العمليات الجراحية الدقيقة أيضاً
http://www.masress.com
3.وليد،الدكتور محمد سامي، الأنظمة الصحية في الدول الرأسمالية – مقارنة احصائية
ww.arabmedmag.com

## چوارەم: ماڵپەڕەکان

1.http://www.international-alert.org
2. منتدى د.أحمد فرج لعلوم ودراسات المعلومات http://ahmadfarag.bbflash.net/t48-topic
3. سایتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی.
http://www.who.int/features/qa/28/ar/index.html
4. http://faculty.ksu.edu.sa/sport4health/new
5. http://www.who.int/features/qa/28/ar/index.html
6. ویکپیدیا بڕوانە Hurst, C. E. (2007). Chapter 10: The impact of inequality on personal life chances. Social inequality (6th ed., pp. 243-251). Boston: Pearson
7. سایتی فەرمی کۆریای باکور http://www.naenara.com.kp/ar/index.php
8. ویکپیدیاأ ب Navarro, V., & Shi, L. (2002). The political context of social inequalities and health. In V. Navarro (Ed.), The Political Economy of Social Inequalities: Consequences for Health and Quality of Life (pp. 403-418). Amityville, NY: Baywood
9. http://plato.stanford.edu/entries/rights
10. دكتور/ وائل حسنين/ قسم جراحه القلب و الصدر ـ كليه الگب ـ جامعه الآسكندريه
http://www.waelhassanein.com
11. http://www.iraq-ild.org
12. http://ar.wikipedia.org/wiki

.http://www.un.org/arabic/documents .13

/http://www.who.int/bulletin/volumes/90/1/11-097659/ar.14

قاعده التشريعات العراقيه http://www.iraq-ild.org..15

المكتبه القانونيه العراقيه للحكم المحلى http://www.iraq-lg-law.org .16

http://www.ima-iq.com .17

18 .Tengilimoglu D, Kisa A, Dziegielewski SF What patients know about their rights in Turkey.J Health Soc Policy. 2000;12(1):53-69.

19 . Malekshahi, F. (2008a). A survey to respect patient's rights and privacy and physical & emotional area by nurses in Khoramabad Shohada Hospital. *Abstracts of the second international conference on Iran medical ethics, Tehran University of Medical Science*, 55-56. Retrieved November 10, 2009 from: http://fnm.tums.ac.ir/userfiles/NursingEthics/AbstractsOfThe2thInternationalConferenceOfIranianMedicalEthics.pdf

20 .Kuzu N, Ergin A, Zencir M Patients' awareness of their rights in a developing country. Public Health. 2006 Apr;120(4):290-6. Epub 2006 Feb 14.

# پاشکۆکان

فۆرمی کۆکردنەوەی زانیاری تایبەت بە

" مافەکانی نەخۆش لە سیستمی تەندروستی کوردستاندا"

بەرلەوەڵامدانەوە تکایە ئەم خاڵانە بخوێنەوە:

1.ناوی خۆت مەنووسە

2.مەبەست لەم راپرسییە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستییەو هیچ پەیوەندییەکی بەئیدارەی نەخۆشخانەوە نییە، بۆیە بە ئەمانەتەوەو بەراشکاوانە وەڵام بدەوە

3.نیشانەی  لەناو ئەو چوارگۆشەیەدا دابنێ  کە وەڵامەکەی هەڵدەبژێریت

زانیاری گشتی

کۆد :

ناوی دەزگا:

1. تەمەن: 1 ـ1. 15 ـ 24 ساڵ 1 ـ 2. 25 ـ 34 ساڵ 1 ـ 3. 35 ـ 44 ساڵ
1 ـ 4. 45 ـ 54 ساڵ 1 ـ5. 55 ـ 64 ساڵ 1 ـ 6. 65 زیاتر

2. رەگەز: 2 ـ1. نێر 2 ـ2 . مێ

3. دانیشتووی: 3 ـ1 ناوشار 3 ـ2. دەرەوەی شار

4. ئاستی خوێندەواری : 4 ـ1. نەخوێندەوار 4 ـ2. سەرەتایی 4 ـ3. ناوەندی
4 ـ4.ئامادەیی 4 ـ4. پەیمانگا 4 ـ5. زانکۆ

زانیاری تایبەت

5. ئایا زانیاریت لەسەر (مافەکانی نەخۆش) هەیە؟
5 ـ1. بەڵێ 5 ـ2. تارادەیەك 5 ـ3. نەخێر

6. ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە ئەو زانیارییەت لە کوێ وەرگرتووە؟
(ئەگەر ئاگادار نیت یا زانیاریت نییە وەڵامی ئەم پرسیارە مەدەرەوە)
6.1. هۆکاری راگەیاندن 6 ـ2. دامودەزگای فەرمی 6 ـ3. کۆمەڵگە 6 ـ4. هۆکاری تر

7. کەنەخۆش کەوتیت لەکوێوە ڕەوانەکرایت؟

7 ـ1. لە عیادەی تایبەتی پزیشکییەوە 7 ـ2. لەنەخۆشخانەی ڕاوێژکارییەوە(استشاری)

7 ـ3. لەمەڵبەندو بنکەی تەندروستییەوە 7 ـ4. هەرخۆم هاتم

8. پزیشكو کارمەندی تەندروستیو ستافەکانی تر چۆن پێشوازییان لێکردیت؟

8 ـ1. باش بوو 8 ـ2. ئاسایی بوو 8 ـ3. خراپ بوو

9. ماوەی پشکنینی (فحص) پزیشك چەندی خایاند؟

9 ـ1. زۆری خایاند(زیاتر لەدە خولەك) 9 ـ2. کەمی خایاند(زیاتر لە پێنج خولەك)

9 ـ3. زۆرکەمی خایاند(تەنها چەند پرسیارێکی کرد 9 ـ4. گوێی لێنەگرتم

10. کاتێك پزیشك پشکنینی بۆ کردیت، لەشوێنی پشکنینەکە کەسانی تری لیَ بوو؟

10 ـ1. بەڵێ 10 ـ2. نەخێر

11. ئایا ئەو پزیشك یا کارمەندانەی چارەسەریان بۆ کردیت لەڕووی پسپۆڕیو بڕوانامەوە خۆیان پێناساندیت؟

11 ـ1. بەڵێ 11 ـ2. نەخێر

12: لەو شوێنەی کە پشکنینی پزیشکیت بۆ کرا، تا چەند گونجاوبوو لەڕووی وەڵام

| | | باش | مامناوەند | خراپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئارامیو بێدەنگی | باش | مامناوەند | خراپ |
| 2 | ڕەنگو شێوازی ڕێکخستنی ژوورەکە | باش | مامناوەند | خراپ |
| 3 | سەرماو گەرمای ژوورەکە | باش | مامناوەند | خراپ |
| 4 | بوونی ئامێری پزیشکی | هەبوو | بەپێی پێویست نەبوو | |
| 5 | کارتی پڕکردنەوەی زانیاری نەخۆش | هەبوو | نەبوو | |
| 6 | دەفتەری تۆمارکردن | هەبوو | نەبوو | |
| 7 | قەرەوێڵەی فەحس | هەبوو | نەبوو | |

13. ئایا له 24 سەعاتی یەکەمدا پزیشکی پسپۆڕ سەردانی کردیت؟
13 ـ 1. بەڵێ 13 ـ 2. نەخێر

14. تا چ رادەیەك ئازادبوویت لەوەی لەگەڵ پزیشکەکەت گفتوگۆ لەبارەی نەخۆشییەکەتەوە بکەیت؟
14 ـ 1 تارادەیەکی باش 14 ـ 2. کەمێك 14 ـ3. هیچ ئازاد نەبووم

15 .ئایا ئازاد بوویت گفتوگۆ لەبارەی ئەو چارەسەرییانە(حەپو دەرمان) بکەیت کە بۆت نووسرابوون؟ 1 ـ بەڵێ 2 ـ نەخێر

16. ئایا هیچ جارێك روویداوە کە داوای گۆڕینی پزیشکەکەت بکەیت؟ 16 ـ 1 بەڵێ 16 ـ 2 نەخێر

17. ئەگەر داوات کردووە ئایا پزیشکەکەیان گۆڕیوە؟ 17 ـ 1 بەڵێ 17 ـ 2 نەخێر

18. ئایا رازیت لەو کارانەی لەنەخۆشخانە بۆت ئەنجام دران؟
18 ـ1. بەڵێ رازیم 18 ـ2. تا رادەیەك 18 ـ3. نەخێر رازی نیم

19. ئەگەر رازی نیت لە چ شتێك گلەییو رەخنەت هەیە؟
19 ـ1. لەمامەڵەی پۆلیس 19 ـ2 لە پرسگە 19 ـ3 ئیدارییەکان 19 ـ4. لەمامەڵەی پزیشكو کارمەند 19 ـ5. لە گەیاندن بە ئەمبولانس(اسعاف) 19 ـ6. جۆری دەرمانو بڕەکەی
19 ـ7. خواردنی نەخۆشخانە

20. ئایا متمانەت بەو چارەسەرییانە هەیە کە بۆت کراون؟
20 ـ1. بەڵێ 20 ـ2. تارادەیەك 20 ـ3. نەخێر

ناوی توێژەر
حسن حسێن

## نوسراوی ئاسانکاری لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانییەوە

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئە نجومەنی وەزیران
وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی
- خۆیەتـــی -

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الصحـــــــة
المديرية العامة لصحـــة السليمانيـــة
الذاتية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Health

١٢٥٣٠

ژمارە / ٢ No :
بەروار/ / ٩ /٢٠١٢ Date :
١١ گەلاوێژ ٢٧١٢

بۆ / نەخۆشخانەی فێرکاری / فریاکەوتن / گشتی / منداڵبوون

ب / هاوکاری

تکایە هاوکاری ( حسن حسێن ) بەناونیشانی ( ی٠ خۆپاراستن ) لە بەشی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی بکەن لە کاتی سەردانی بۆ نەخۆشخانەکانتان بەمەبەستی توێژینەوەی زانستی ••• لەگەڵ ڕێزدا ••

د ٠ نجم الدين حسن احمد
ی٠ بەریـــوەبەری گشتـــــی بۆکاروباری کارگێڕی و دارایی
٢٠١٢/٩ /

وێنەیەك بۆ:
- خۆیەتی / دڵسۆز حفید
- دۆسیەی تاییەت . ////
- دۆسیەی خولاو .

خویەتی / دلسۆز حفید

سۆزان //

E – mail : - Doh – suli @ yahoo . com

**نمونەیەك لەفایلی نەخۆش لەنەخۆشخانەی منالّبوونی سلێمانی كە لیستی مافەكانی نەخۆشی پێوە هاوپێچكراوە**


وەزارەتی تەندروستی : ........ هەرێمی کوردستان ........
فەرمانگەی تەندروستی : ........ سلێمانی ........
نەخۆشخانەی : ........ منالّبوون( ولادة ) ........
ناوی سیانی : ........................
رۆژی داخلّ بوون : ........................
سەعاتی داخلّ بوون : ........................
ژمارەی فایل : ........................
ژمارەی کۆد : ........................
چاپخانەی کمال - سلێمانی

وەزارەتی تەندروستی

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی
سلێمانی

# مافەکانی نەخۆش

**هاولاتی بەڕێز**، کاتێك سەردانی هەر دامەزراوەیەکی تەندروستی دەکەیت، تۆ هەلگری کۆمەلێك مافیت کە پارێزگاری کردن لێیان ئەرکی ئێمەیە، ئاشنابوونت بە مافەکانت وەك نەخۆش هاوکاریمان دەکات لە بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان و دروستکردنی ژینگەیەکی شیاو و ڕەزامەند بەخش لە پرۆسەی چاکبونەوەتدا.

## ١- پاراستنی کەرامەتی نەخۆش:

- چاودێری تەندروستی و وەرگرتنی چارەسەری پێویست مافی تۆیە وەك هاولاتی...دابینکردنی خزمەتگوزاری پێویست ئەرکی ئێمەیە.
- خزمەتکردنی تۆی هاولاتی ئەرکی ئێمەیە بە دوور لە جیاکاری ڕەگەز و تەمەن و ئینتمای کلتوری و نەتەوە یی و بیر و بۆچون و لایەنگیری سیاسی.
- لە کاتی ڕوداوی کتوپڕدا لێپرسراوێتی ئێمەیە بە شێوەیەکی پیشەییانە و بە پێوەرێکی بەرز پارێزگاری لە ژیانی تۆی هاولاتی بکەین.
- وەك مرۆڤ پێویستە ڕێز لە کەسایەتیت بگیرێت. **تکایە** ڕێز لە ستافی دامەزراوەکەمان بگرە و بێڕێزی لە کەس قبولٚ مەکە.
- ئێمە بە شێوەیەکی یەکسان مامەلە لەگەلٚ ئێوە دەکەین.
- سەلامەتی جەستەیی و دەرونی و ڕۆحی تۆ ئامانجی ئێمەیە، هاوکارمان بە تا بتوانین خزمەتت بکەین.
- گۆڕینی پزیشك مافێکی سەرەتایی تۆی نەخۆشە و نابێت بەو هۆیەوە کەمتەرخەمی بەرامبەرت بکرێت یان سزا بدرێیت.
- پشتیوانی خێزان و کۆمەلگا لە تۆی نەخۆش مافێکی بنەڕەتییە، بێبەشکردنت لەم پشتیوانیە کاری ئێمە نیە.

## ٢- مافی نەخۆش بۆ بەدەستهێنانی زانیاری:

- مافی خۆتە زانیاریت هەبێت لە سەر خزمەتگوزاریە بەردەستەکان تا بتوانیت لە بەکارهێنانیان سوودمەند بیت.
- مافی خۆتە زانیاریت هەبێت لە سەر باری تەندروستیت و جۆری نەخۆشیەکەت و پرۆسەی چاکبونەوەت، تکایە دوو دلٚ مەبە لە پرسیارکردن و داوای ڕونکردنەوەی بکە.
- دەتوانیت داوابکەیت زانیاری لە سەر تەندروستیت بە بێ ڕەزامەندی خۆت بە هیچ کەس نەدرێت.
- پرسیار کردنت لەسەر باری تەندروستیت و پرۆسەی چارەسەرکردنت هەم مافە و هەم لێپرسراوێتی، دوو دلٚ مەبە و پرسیار بکە.
- وەرگرتنی زانیاری تۆمارکراو دەربارەی تەندروستیت مافی خۆتە لە کاتی پێویستدا دەتوانیت داوا بکەیت.

### ٣. پاراستنی تایبه تمەندێتیەکانی نەخۆش:

- پارێزگاری لە تایبە تمەندیەکانت وەك نەخۆش مافێکی سەرەتایی تۆیە.
- پاراستنی زانیاریە نهێنیەکان ئەرکی ئێمەیە، بە بێ ڕەزامەندی تۆ زانیاری بە هیچ کەس نادەین.
- دابینکردنی شوێنی شیاو بۆ پشکنینت و پارێزگاری کردن لە تایبە تمەندیەکانت مافی تۆیە و هێندەی لە توانای ئێمەدا هەبێت پارێزگاری لە پاراستنی ئەو مافە دەکەین.

### ٤. وەرگرتنی ڕەزامەندی نەخۆش :

- وەرگرتنی ڕەزامەندیت لە پرۆسەی چارەسەرکردنتدا مافێکی بنەڕەتی تۆیە.
- مافی تۆیە فۆرمی ڕەزامەندی نەشتەرگەری پڕبکەیتەوە بەر لە ئەنجامدانی.
- زانینی شوناسی ستافی تەندروستی و ڕۆڵیان لە پرۆسەی چارەسەرکردندا مافی تۆیە، دوودڵ مەبە لە پرسیارکردن.
- تۆ ئازادیت لە بەشداری پێکردنت یان بەشدار نەبونت لە هەر توێژینەوەیەکی زانستیدا.

## لێپرسراوێتی نەخۆش :

**هاوڵاتی بەڕێز**، لە کاتی سەردانت بۆ دامەزراوە تەندروستیەکان کۆمەڵێك لێپرسراوێتی دەکەوێتە سەر شانت. پابەند بوون پێیانەوە نیشانەی ڕێزگرتنە لە خۆت و لەو دامەزراوەیەی خزمەتگوزاریت پێشکەشدەکات.

## لێپرسراوێتیەکان :

- پاکڕ ڕاگرتنی دەزگا تەندروستیەکان دەتپارێزێت لە نەخۆشیە گوازراوەکان و پرۆسەی چاکبونەوەت خێراتر دەکات، تکایە بەشێك لە ئەرکی پاکڕاگرتنی دامەزراوەکەمان بگرە ئەستۆ.
- هاوکاری تۆ لە پێدانی زانیاری ڕاست دەربارەی نەخۆشیەکەت لە چارەسەر نزیکت دەخاتەوە.
- تێگەیشتنت لە نەخۆشیەکەت و پەیوەستبوونت بە ڕێنماییەکانەوە چارەسەرکردنت ئاسانتردەکات.
- پاراستنی هێمنی نەخۆشخانە و جگەرە نەکێشان لێپرسراوێتی هەمومانە.
- لێپرسراوێتی جێبەجێنەکردنی ڕێنماییە پزیشکییەکان لە ئەستۆی تۆدایە.
- ئێمە لێرەین بۆ خزمەتی ئێوە، بەڵام بێڕێزیکردن بەرامبەر ستافی دامەزراوەکەمان ڕووبە ڕووی لێپێچینەوەی یاسایت دەکاتەوە.

بۆ پێشنیار و سکاڵاکانت دوودڵ مەبە لە بەکارهێنانی **"سندوقی سکاڵا"** لە دامەزراوە تەندروستیەکاندا.
دەتوانیت لە ڕێگای نامەی ئەلەکترۆنییەوە بەڕێوبەرایەتیەکەمان لە سەرنج و سکاڵاکانت ئاگداربکەیتەوە.

Patient.rights٢٠١١@gmail.com